# جیهانبینی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا
# لە دیدی لوسیان گوڵدمانەوە

**ID No. 3794**

(PP 122 - 143)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.6.9

**تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح**

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی زمانی کوردی / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

Tanya.mohamad@ su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2019/10/11**

**پەسندکردن : 2020/12/07**

**بڵاوکردنەوە : 2020/12/25**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( جیهانبینی لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە ) ی بەختیار عەلییە، لە دیدی لۆسیان گۆڵدمانەوە ). باسەکە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر بابەتێکی گرنگ و تا ڕادەیەک نوێ لە جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەک پێویست بایەخی تایبەتی پێنەدراوە . کاری ئەدەبیش لە بنەڕەتدا جیهانبینی ئەدیبە . لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە چوار تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی چەمکی جیهانبینیمان کردووە، لە تەوەرەی دووەمدا چەمکی بونیادگەریمان ڕاڤە کردووە، لەبەر ئەوەی بونیادگەری پێکهاتوویی جۆرێکە لە جۆرەکانی بونیادگەری، لە تەوەرەی سێیەمدا باسی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتوویمان کردووە . لە تەوەرەی کۆتایشدا باسی جیهانبینی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیمان کردووە لە ڕوانگەی لوسیان گۆڵدمانەوە .

**وشە سەرەکییەکان:** جیهانبینی ، بونیادگەری ، بونیادگەری پێکهاتوویی ، ئەوین ، ئایین ، توندڕەوە ئیسلامییەکان.

## پێشەکی :

کاری ئەدەبی لە بنەڕەتدا دەربڕینی جیهانبینییە، واتە ئەو ڕێگەیەیە کە بەهۆیەوە ئەدیب ڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو، تێیدا باسی هەستکردنی بە گەردوون و بە گشت بوونەوەران و شتەکانی نێو ژیان و دەوروبەری دەکات . ڕۆمانیش وەکو ژانرێکی ئەدەبی، زەمینەیەکی لەبار و گونجاوە بۆ ڕەنگدانەوە و بەرجەستە کردنی گشت کایە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکان . پتر لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر کراوەترە بەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی . لە سەرەتای پەیدابوون و گەشەسەندنیەوە پەیوەستبووە بە چینی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکارییانانەی لە فیکر و بەرهەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاتونەتە ئاراوە. سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی وا لە ڕۆماننووس دەکات بەرپرس بێت لە ئاست گرنگیدان بە ململانێ کۆمەلایەتییەکان کە لە واقیعدا بوونیان هەیە. واتا ڕۆمان بەهۆی فراوانی مەوداکەیەوە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت بۆ ڕۆماننووس بە ئارەزووی خۆی و بە وردی و دوورودرێژی جیهانبینی خۆی دەربارەی هەرشتێك بیەوێت دەربخات . جیهانبینی بە پێی کات و شوێن و کۆمەڵگاش دەگۆڕێت. ئەمە جگە لەوەی کە چەمکی جیهانبینی وەك چەمکێکی فەلسەفی و وەکو میتۆدیش دەگۆڕێت . باسەکەی ئێمەش وەکو میتۆد (جیهانبینی پێکهاتووی لوسیان گۆڵدمانە). میتۆدی ڕەخنەیی هەر کارێك بە پێی ڕوخسار وناوەڕۆك و کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە دەگۆڕێت. هەر لە ناوونیشانی باسەکەوە دەردەکەوێت کە لێکۆڵینەوەکی بونیادگەرییە لە دیدی (لوسیان گۆڵدمان) ەوەیە . ئەمە وەك لایەنی تیۆری . وەك پراکتیکیش جیهانبینییە لە ڕۆمانی( ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، بە پێی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتووی . بێگومان ناتوانرێت لە تاکە بەرهەمێکدا بڕیاری کۆتایی لەسەر جیهانبینی نووسەرێك بدەین، چونکە جیهانبینی مرۆڤ پەیوەندی هەیە بە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی مرۆڤەوە، کە دەشێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت و تا هەڵکشانی تەمەنیش بەرەو کامڵبوون بچێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە جیهانبینی نووسەر لە یەك بەرهەمیدا ڕەنگە لە بوارێکی دیاریکراودا بێت، یان یەك جۆرە جیهانبینی بێت، کە ئەمەش بەشێکی بچووك

دەردەخات نەك تەواوی جیهانبینی نووسەرەکە، (( دەبێت هەموو بەرهەمەکانی نووسەرێك وەربگرین، تاوەکو بتوانین تێڕوانینەکانی دیاری بکەین، چونکە ئێمە ناتوانین بە پشت بەستن بە بەشە بچووکەکان لە نووسەر تێبگەین ))( جورج لوكاش،1971 : 18) . هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەك لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت تەنیا دیاریکردنی جیهانبینی بەختیار عەلییە لە یەك ڕۆمانیدا . کە هەموو جۆرەکانی جیهانبینی نووسەری لەخۆ نەگرتووە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بایەخیکی زۆر دەدرێت بە جیهانبینی. بە تایبەتی لە جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا . ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە بۆ خولیا و ئارەزووی کارکردنمان لە جیهانی فەلسەفە و لە نێو ئەو جیهانەشدا بابەتی جیهانبینی لە ئەدەبدا، ئەمە جگە لەوەی چەند کار لەسەر ئەم بابەتەش بکرێت بەلای ئێمەوە هێشتا کەمە، لە لایەکی ترەوە لە جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا جگە لە چەند هەوڵێك کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودیان لێبینراوە، کاری کەمی لەسەر کراوە . گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە خوێنەر ئاشنا دەکات بە پەیوەندی نێوان بیروبۆچوونە فەلسەفییەکان و پەیوەندیان بە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، لە لایەکی ترەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵەرانی تر .لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و چوار تەوەرە و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. تەوەرەی یەکەم تەرخان کراوە بۆ زاراوە و چەمکی جیهانبینی، لەم تەوەرەیەدا سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی و دواتریش لە ڕوانگەی گۆڵدمانەوە جەختمان لەسەر زاراوە و چەمك و پیناسەی جیهانبینی کردووە. دووەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ چەمك و زاراوەی بونیادگەری، لەبەر ئەوەی بونیادگەری پێکهاتوویی لقێکە لە لقەکانی بونیادگەری بۆیە بە پێویستمان زانی پێش ئەوەی بچینە سەر بونیادگەری پێکهاتوویی باس لە بونیادگەری بکەین. تەوەری سێیەمیش بونیادگەری پێکهاتووییە، تەوەرەی چوارەم پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەیە، کە کرۆکی بابەتەکەمانە .ئەویش دابەش بووە بۆ جیهانبینی ڕۆمانووس – بە پێی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتوویی - سەبارەت بەو بابەتانەی لە ڕۆمانەکەدا هاتوون. کە ئەوانیش جیهانبینی (ئەوین و ئاین و ئافرەت و سیاسەت و ئازادی و خودا ) یە. پاشان خستنەڕووی ئەو ئەنجامانەن کە دەستمانکەوتووە . دواتر لیستی سەرچاوەکان . لە کۆتایشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

## 1. زاراوە و چەمکی جیهانبینی

زاراوەی جیهانبینی وشەیەکی لێکدراوە، لە دوو وشەی ( جیهان + بینی ) پێکهاتووە . واتا بینینی جیهان. لە زمانی کوردیدا زاراوەی جیهانبینی بەرامبەر بە : (رؤية العالم )ی عەرەبییە ( د.سعيد علوش، 1985) . لە زمانی ئینگلیزیدا ( World view )ە ( بەختیار سەجادی و محەمەدی مەحمودی،2002 ). لە زمانی فارسیشدا( جیهانگری) یە(هەرژیر عەبدوڵا پوور،2008 ). لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی: ( دونیابینی، گەردوونبینی و ڕوانین بۆ دنیا )ش بۆ هەمان واتا بەکاردێت. ئەمانە هەموویان ئاماژەن بۆ جۆرو چۆنیەتی لێکدانەوەو ڕوانین بۆ جیهان و بوون و ژیان. ئاشکرایە هەر مرۆڤێك لە ڕوانگەی خۆیەوەو بە پێی پێشینەی خۆی دەڕوانێتە جیهان و بوون و ژیان. هەربۆیە چۆنیەتی جیهانبینی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. چونکە پێشینەی کەسەکان بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و وشیاری و جۆری پەروەردەو ژینگەی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی، ئایدیای تایبەتی ...هتد جیاوازە، کەواتە جۆری بیرکردنەوە و شێواز و جیهانبینی مرۆڤەکانیش جیاوازە. لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا دەشێ هاوشێوە و یەکانگیریش هەبێت لە جیهانبینی ئەو کۆمەڵە کەسەی کە لە یەك ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەژین، کە دابونەریت و ئاین و زمان و بارودۆخی سیاسی و ... هتد یان وەك یەکە . ئەمانە وایان لێدەکات تا ڕادەیەك و لە هەندێ ڕووەوە جیهانبینیان هاوشێوە، یان وەك یەك بێت، یان نزیکبێت لەیەکتری. بۆ نموونە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە بە درێژایی مێژوو کورد پیایدا تێپەڕیوە، دەشێ کاریگەری نەهامەتییە یەك لە دوای یەکەکان و داپڵۆسین و نەبوونی کیان و قەوارەی سیاسی و بێکەسی و فریودان و هەرەسهێنانی شۆڕش و ... هتد، جۆرێك لە جیهانبینی جیاوازی لا دروست کردبێتن، جیاواز لە جیهانبینی کەسانی تری میللەتان و وڵاتانی تر کە لە ژینگە و کەش و ناوەندی ئارامدا ژیاون و دەژین .

ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا لە لایەن لوسیان گۆڵدمانەوە بەکارهاتووە . (( جیهانبینی یەکێکە لە زاراوە بنچینەییەکانی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتەیی ، کە لوسیان گۆڵدمان بە دامەزرێنەری ئەم میتۆدە دادەنرێت . خودی بنیادگەریش ڕێگایەکە بۆ جیهانبینی، و میتۆدێکە بۆ تێڕامانی بوون ))( صلاح فضل،1987 : 236) .جیهانبینی بە یەکێك لەو چەمکە بنەڕەتییانە هەژمار دەکریت کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لێکۆڵینەوە و دیراساتی ئەنسرۆپۆلۆژی ڕۆشنبیریدا بەشێوەیەکی بڵاو بەکاردەهێنرا. پاش ماوەیەك لە پشتگوێخستن و جارێکی تر لە شەستەکان و حەفتاکانی هەمان سەدەدا سەرلەنوێ لێکۆڵەران لە

لێكۆڵینەوەی ئەنسۆگرافیدا پشتیان بەمر چەمكە بەستەوە ، كە بە شێوەیەكی تایبەتی پەیوەستە بە ئایین و سیحر و جیهانی ڕۆحەكان و بۆچوون دەربارەی بوون، لای كۆمەڵانی جیاواز . چەمكی جیهانبینی چەمكێكی ئەنسرۆپۆلۆجی – علم الانسان - ***Anthropology*** - ڕەسەنە ، هەر لێكۆڵینەوەیەكیش دەربارەی جیهانبینی لە هەركۆمەڵگایەك لە كۆمەڵگاكان كرابێت، ئەوە هەر لێكۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجییەو متمانەی كردۆتە سەر پرۆگرامر، یان میتۆدی لێكۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی. هەربۆیە لێكۆڵینەوەكانی جیهانبینی تەنها پەیوەندییان بە بوارەكانی زانستە مرۆییەكانەوە هەیە، نەك بواری زانستە سروشتییەكان. ئینجا چ لە ڕووی تیۆری، یان میتۆد، یان شێوازی شیكردنەوە بێت. لێكۆڵینەوەی جیهانبینی هەوڵی تێگەیشتنی قوڵ دەدات لە سروشتی شتەكان و تێگەیشتن لە ناوەوەی شتەكان. كەواتە مرۆڤ بابەتی زانستە مرۆییەكانە و بە هەمان شێوە لە لێكۆڵینەوە جیهانبینیەكانیشدا، كە دەتوانرێت چەمكی جیهانبینی لەسەر پراكتیك بكرێت. واتا جیهانبینی بریتییە لە كۆمەڵە باوەڕ و تیۆری بوونی هەماهەنگ دەربارەی مرۆڤ و بوون، بوون بە شێوەیەكی گشتی.

چەمكی جیهانبینی ئەو شێوازەیە كە كەسێك ، یان میللەتێك دەڕواننە هەموو بوون . لە بنەڕەتدا چەمكی جیهانبینی بریتییە لە دیراسەی كۆمەڵە فیكرێك كە یەكێك لە ئەندامانی كۆمەڵگا باوەڕی پێی هەیە، فیكری بەرامبەر خۆی و خەڵكانی تر، فكیری دەربارەی ئەو جیهانەی تیای دەژی، بە واتایەكی تر بریتییە لەو شێوازەی كە تاكێك پێی دەڕوانێتە ئەمر بوونە. لە واتاكانی تێڕوانینیش بۆ بوون : (( بریتییە لە كۆمەڵێك باوەڕ و تێڕوانیی كەونی ڕێكوپێكی گونجاو لەمەڕ كەون و مرۆڤ، و دەربارەی بوون بە شێوەیەكی گشتی))(صلاح فضل،1987 : 237). ئەمەش بەمانای دیاریكردنی ئەو فیكرانە كە لەناو خودی ڕۆشنبیریدا، نەك لە دەرەوەیدا، هەروەك چۆن لە لێكۆڵینەوە ئەسنۆگرافی و ئەنسرۆپۆلۆجی تەقلیدیدایە.

سەبارەت بە جیهانبینی لە نێو جیهانی ئەدەبیدا هەروەكو لە سەرەتای پێشەكیدا ئاماژەی بۆكرا، كاری ئەدەبی لە بنەڕەتدا دەربڕینی جیهانبینییە، بەڵام جیهانبینی لەدەرەوەی ئەدەب جیاوازە وەك لە ناو ئەدەبدا، ئاشكرایە كە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەكان جگە لە گوزارشت كردن لە بیر و بۆچوون تێڕوانین و ئایدیای تایبەتی ئەدیب جوانكاری و ئیستاتیكایە. هەروەكو (محمد كامل خطیب) دەڵێت: ((جیهانبینی لە ڕۆماندا تەنیا گوزارشت كردن نیە لە هەڵوێستێكی فیكری ،بەڵكو گوزارشتە لە ئەدەب خۆی،بە شێوازێكی هونەری و زمانی ))( أسماء أحمد معيكل ، رؤيا العالم وتصويرها في الرواية، https://www.startimes.com ). لەو فۆرمێكی هونەری بەرزدا ڕۆماننووس جیهانبینی خۆی دەربارەی بوون و ژیان و مردن و گەردوون دەردەخات. هاوكات جیهانبینی هەمیشە لە ڕۆماندا بیركردنەوەیەكی جوانە، یان جۆرێك لە بونیادی فیكرییە، تێڕوانینی بەهادار و ئەركییە، ئەركی بە مانای ئەوەی ئەركێكی كۆمەڵایەتی لە ئەستۆیە . كە ئەویش وێناكردنی كەسیەتی مرۆڤە، وێنەیەكی تێكەڵ لە تاك و كۆمەڵی، لە خودی مرۆڤەكە خۆیی و هەڵگری بەها كۆمەڵایەتییەكان ، واتا زیادكردنی ئاكار و بیركردنەوەی شیاو بۆ وێنەكە . ( سەرچاوەی پێشوو ) .

**2. چەمك و زاراوەی بونیادگەری**

لە زمانی كوردیدا زاراوەی بونیادگەری بەرامبەر بە وشەكانی (Structuralism) ی ئینگلیزی ( بەختیار سەجادی و محەمەدی مەحمودی، 2002 )و( ساخت گرایی )فارسی (هەرژیر عەبدوڵا پوور، 2008 )و (البنیویة) ی عەرەبی ( د.سعيد علوش، 1985) بەكارهاتووە . بونیادگەری میتۆدێكی فیكری ڕۆژئاوایە، میتۆدێكی نوێیە و سیمای ڕوون و ئاشكرای لە هزری نوێدا هەیە. خاوەنی چەند پرەنیسب و بنەمایەكی تایبەت بە خۆیەتی . بەربڵاو و فراوانە و لقوپۆپی زۆری لێبۆتەوە، بۆیە ئاسان نیە پێناسەیەكی دیاری بۆ بكرێت، چونكە پەیوەندی هەیە بە كۆمەڵێك كایەی جیاوازەوە و كاری لەسەر كردوون، وەك بواری زانستە مرۆڤایەتییەكانی ( سایكۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و زمانەوانی ئەدەبیاتناسی). ((زاراوەی بونیادگەری چەند بوارێك لەخۆ دەگرێت لەوانە فەلسەفە، زانستی دەروونی، ئەنثرۆپۆلۆجیا، زمان و ڕەخنە ...))( ايرنا ريما مكاريك،1384:173 ). هەر بۆیە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری دەكرێت. (( ناتوانرێت بە ئاسانی پێناسەیەك بۆ بونیادگەری دیاری بكرێت، چونكە ئەمر زاراوەیە ئاماژەكردنە بۆ كۆمەڵێ شیكردنەوەو ڕێڕەو و كتێبی جۆراوجۆر )) ( ئازاد حەمە ، 1995 : 22) . زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی سەرهەڵدانی بونیادگەری دەكەن، كە وەك میتۆدێكی شیكاری و فەلسەفی دەركەوتبێت ئاماژە بەوە دەكەن كە لە فەڕەنسا سەریهەڵداوە، لە نێوان ساڵانی ( 1950 تا 1960 ). بەڵام وەك سەرەتای دەركەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ موحازەراتەكانی ( دی سۆسێر ) ی زانای زمان، كە دوای مردنی و لە ساڵی ( 1916 ) دا لە لایەن قوتابییەكانییەوە چاپكراوە . دواتریش لە كۆنگرەی (پراگ )لە ساڵی 1929 لە لایەن زانایانی زمان(چاكۆپسن و كارشفسكی و ترۆبتسكۆی)یەوە بانگەشەی میتۆدی بونیادگەری كرا.(( دەركەوتنی بونیادگەری لەژێر كاریگەری بۆچوونەكانی فۆرمالیستە ڕووسەكان و دی سۆسێر و قوتابخانەی پراگ و ڕەخنەی نوێدا بووە )) (د. عەلی تاهیر حسەین، 2008: 213 ) . میتۆدی بونیادگەری لە بنەڕەتدا تایبەت بە زمان بووە، (( قوتابی و شوێنكەوتووانی قوتابخانەی پراگ پێیان وابوو دەكرێت ئەمر میتۆدە

بەکاربێت بۆ دۆزینەوەی یاساکانی بونیادی سیستەمی زمان ))( د.زكريا ابراهيم : 39 ). وەك زاراوە و چەمك بونیادگەری ڕێڕەوێکە بۆ دەستنیشانکرنی ئەو بنەمایانەی کە بەیەکەوە بونیادی شتێکیان کردووە. وەك میتۆدیش (( بونیادگەری لە بنچینەدا هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی ڕێبازی زمانەوانی گشتی بەسەر ئەدەب و ڕەخنەدا، بە تایبەتی پراکتیزەکردنی ئەو ڕێبازەی کە زانای زمانەوانی ( فردیناند دی سۆسێر 1975 – 1913 ) لە توێژینەوە زمانەوانیەکەیدا پراکتیزەی کرد ))( د. شكرى عزيز الماضي ،2012: 209 ) . هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا میتۆدی بونیادگەری لە بنەڕەتدا تایبەت بووە بە زمانناسی، دواتر لەڕێگەی شێوازناسییەوە بۆ نێو جیهانی ڕەخنەی ئەدەبی پەلی هاویشتووە.

بونیادگەرەکان جەخت لەسەر گەوهەری ناوەوەی دەق دەکەنەوە ، دژ بەو میتۆدانە دەوەستن کە ئەدەب لە ڕوانگەی فاکتەری دەرەوە و ژینگەدا دەبینن. واتا لە ڕەخنەی ئەدەبیدا میتۆدی بونیادگەری تەنیا کارکردنە لە نێو دەقی ئەدەبیدا و فاکتەرە دەرەکییەکانی وەك (باری دەروونی و جیهانی ناوەوە و دەرەوەی نووسەر و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەڵوێستی مێژوویی و ڕێبازی ئەدەبی ) فەرامۆش دەکەن، و پێیان وایە کە (( کاری ئەدەبی سیستم و بوونێکی تایبەتی خۆی هەیە)) ( د. شكري عزيز الماضي، 1985: 183) . باس لە سەربەخۆیی دەق دەکەن و وای بۆ دەچن کە پەیوەندی بە کۆمەڵگا و ژینگە و مێژووەوە نییە،(( ئەدەب بابەتێکی سەربەخۆیە لە کۆمەڵ، بابەتی ئەدەب، ئەدەب خۆیەتی ))( جان ماري اوزباس و اخرون،197 :352) . زیاتریش جەخت لەسەر پێکهاتەی زمانەوانی سەربەخۆ دەکەنەوە . هێندە دەق لە خاوەن دەق دادەبڕن، ((تا چەمکی مردنی نووسەر هاتە کایەوە، واتا دەسەڵاتی دەق، خاوەن دەقی لاواز کرد)) ( د. عبد السلام المسدى ، 1991 :51 ). کەواتە بونیادگەری لە ئەدەبدا میتۆدێکی شیکارییە، دوور لە فاکتەرە دەرەکییەکان شەن و کەوی دەق دەکات. لەو باوەڕەدان کە پێکهاتەی هونەری دەقەکە ئەرکی سەرەکییە، (( میتۆدی بونیادگەری لەسەر بنەمای دابڕینی بەرهەمی ئەدەبی لە هەموو هۆکار و گۆڕانکارییە جڤاگی و مێژووییەکان کاردەکات. چونکە پەیڕەوکەرانی ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە فۆڕمی بەرهەمەکە تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکانیانە )) (د. فؤاد ڕەشيد ،2007 : 19) . واتا پێیان وایە کە دەقی ئەدەبی قەوارەیەکی سەربەخۆیەو دوورە لە هۆکارە دەرەکییەکان،(( بونیادگەران و قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ جەخت لەسەر سەربەخۆیی دەقی ئەدەی دەکەنەوە وەك دەزگایەك کە قەوارەیەکی سەربەخۆ و تایەتمەندو جوودای هەیە لە واقیعی دەرەکی )) (د.فواد ڕەشيد ، 2007 : 24) .

**3.بونیادگەری پێکهاتوویی ( Constitutional Structural )**

هەرچەندە میتۆدی بنیادگەری پێکهاتوویی بە ناوی لوسیان گۆڵدمانەوە ناسراوە ، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ (فریدریش و هیگڵ و کارل مارکس و جورج لۆکاش و جان بیاجیە ). لۆکاش پێیوابوو کە (( تەنیا لە میانەی مەتریالیزمی دیالێکتیکییەوە دەتوانرێت بنچینەیەکی پتەوی تیۆری ڕەنگدانەوە ببینرێت ))( د. صلاح فضل، 1978: 125 ). بە بۆچوونی مەتریالیزمی دیالێکتیکیش ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەیە کە ئەدیب تیایدا دەژی. گۆڵدمانیش لە ڕوانگەی مەتریالیزمی دیالێکتیکییەوە دەڕوانێتە ئەدەب و فەلسەفە. (( جیهانبینی نووسەر سروشتێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە، چونکە هەموو مرۆڤێك دەیەوێت بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانی یەکەیەکی هاوتەباو مانابەخش بن )).(لوسيان غولدمان،1981: 10). مارکسیش پێی وابوو کە هەموو چالاکییەکی مرۆڤ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە. ئەم بۆچوونە بووە هەوێنی بۆچوون و تێڕوانینەکانی گۆڵدمان سەبارەت بە پرۆسەی داهێنان و بەرهەمی ئەدەبی کە زیاتر پەیوەندییان هەیە بە ڕۆڵی کۆمەڵگا لە دروست کردنی تاکدا. واتا کاریگەری کۆمەڵ لە دروستکردنی ئەدیب . یان ڕەنگدانەوەی فیکری و فەلسەفی کۆمەڵ لەسەر بونیادی فیکر و فەلسەفەی نووسەران و ئەدیبان . واتا کاری ئەدەبی ڕەنگدانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتییە .

میتۆدی بونیادگەری گۆڵدمان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ میتۆدی بونیادگەری زمانەوانی و فۆرمالیستەکان، گۆڵدمان هاوڕایە لەگەڵ دی سۆسێر لەوەدا کە زمان خاوەن یاسای تایبەت بە خۆیەتی، قسەکردن هەرچەندە بەکارهێنانی زمانە ، بەڵام ناتوانرێت هەموو یاساو ڕێساکانی زمانی بەسەردا بسەپێ،(( زمان توانای دەلالەتی هەمەجۆری بەرزی هەیە، بە تەنیا دەلالەت لە شتێك ناکات، بەڵام قسە دەربڕینی مرۆڤە لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراودا. لەبەر ئەمە دەلالەتێکی دیاریکراوی هەیە)) ( د. صلاح فضل، 1978: 257). بە مانایەکی دی زمان بێ دەلالەتە، بەڵام فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دەلالەت، لە کاتێکدا ((قسە پەیوەستە بە دەلالەتی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە، بەهۆی قسەوە دەتوانرێت جیهانبینی بخرێتەڕوو ، بەڵام زمان وەك ئامرازێك بۆ بیروڕا جیاواز و دژیەکانە )) ( د. عەلی تاهیر حسەین ، 2008 : 127 ).

گۆڵدمان فیکری سۆسۆلوجی و سایکۆلۆجی و فەلسەفی وەرگرت و بە شێوازێك دایڕشتەوە کە بگونجی لەگەڵ بیروباوەڕە مارکسی دیالیکتیکی. هەوڵەکەشی بەرهەمهێنانی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتوویی بوو. کە تیایدا خوێندنەوەی نوێی کرد بۆ کارە

ئەدەبی و نا ئەدەبییەکان، لەسەر بنەمای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بونیادی زیهنیی کۆمەڵێك بابەتی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بونیادی گشتی دەلالەتی کاری ئەدەبی. بەو وەسفەی کە بونیادێکی لێکۆڵینەوە و دیالیکتیکی بینینی فیکرییە، کە ئەندامانی ئەو چینەی کۆکردۆتەوە . واتە کاری ئەدەبی بەرهەمی تاکێکی بکەر نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەو کۆمەڵەیە کە داهێنەرەکە سەر بەوانە و ئینتیمای دەگەڕێتەوە بۆیان. گوزارشت لە بیرو هەست و سۆزو بۆچوونەکانیان دەکات. بەم شێوەیە گۆڵدمان لە چەمکی ئاوەژووبوونەوەی میکانزمی کە لە نێو فیکری سۆسیۆلۆجی پێشوو باوبوو میتۆدەکەی دارشت .

هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا لە ڕەخنەی ئەدەبیدا میتۆدی بونیادگەری تەنیا کارکردنە لە نێو دەقی ئەدەبیدا و فاکتەرە دەرەکییەکانی وەك( جیهانی ناوەوە و دەرەوەی نووسەر، هەڵوێستی مێژوویی و ڕێبازی ئەدەبی) فەرامۆش دەکات. بەڵام لە میتۆدی بنیادگەری پێکهاتوویدا دەرەوەی دەق دەبەسترێتەوە بە ناوەوەی دەق و ئەو کاریگەرییانە دیاری دەکات کە کار لە ناوەرۆکی دەق دەکەن. بەم پێیە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان دەقی ئەدەبی و کۆمەڵگا،بە چینی کۆمەڵایەتییەوە. کاریگەری چینی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەدیبان و نووسەران . گۆڵدمان هەوڵ دەدات جەخت لەسەر پەیوەندی بونیادی ئەدەب و بونیادی کۆمەڵگا و مێژوو بکاتەوە . واتە ئەدەب زادەی ڕۆژگار و سەردەمەکەیەتی، ئەدیبانیش ڕۆڵەی ژینگە و سەردەمەکەیانن ، ژینگە و سەردەم کاریان لێدەکەن و ئەوانیش کار لە ژینگە و سەردەمەکەیان دەکەن . (( **گۆڵدمان ئەو بۆچوونە ڕەد دەکاتەوە کە بنیاد یەکەیەکی سەربەخۆ بێت لە دەرەوەی زەمەن و مێژوو، چونکە واقیع لە بنیادی زیهنی مرۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها بونیادگەری پێکهاتوویی گرنگی بە مرۆڤ دەدات و بە بزوێنەری مێژووشی لە قەڵەم دەدات** )) ( عوسمان یاسین ، 1991 : 13) واتا بونیادگەری پێکهاتوویی گرنگی بە مرۆڤ دەدات وەك فاکتەرێك، هەروەها وەك ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن لە دەق، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بزوێنەری مێژووە . بونیادگەری پێکهاتوویی بریتییە لە بۆچوونێکی زانستی دەربارەی ژیانی مرۆڤایەتی لە نێو چەمکە کۆمەڵایەتییەکەیدا، ئاشکرایە ئەدیب بەدەر لە کۆمەڵگا ناژی، تاکێکە لە کۆمەڵگاکەی، بە ئاگا بێت یان بێئاگا دەکەوێتە ژێر کاریگەری سەردەم و ژینگە و ئەو کۆمەڵە کەسەی لەگەڵیاندا دەژی. دەشێ جۆری ژیان و هەڵسوکەوت و بیروبۆچوون و دابونەریتیان جێپەنجەی کاریگەری لەسەر دروست بکەن، جا نووسەر هاوڕا بێت لەگەڵیان یان بە پێچەوانەوە دژی هەندێکیان بێت . هاوکات ئەدیبانیش کار لە کۆمەڵگاکانیان دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئەدەبەکەیانەوە گۆڕانکاری و چاکسازی بکەن لەو شتانەی کە دژین. جیهانبینی نووسەران و ئەدیبان لێرەوە دەردەکەوێت. بەرهەمە ئەدەبییەکانیش جیهانبینی ئەوانە، کە دەلالەتی کۆمەڵایەتی هەیە. (( **بە پێی بۆچوونی گۆڵدمان ئەو واقیعە چینایەتییەی کە نووسەر تێیدا دەژی لە بونیادی زەینی نووسەرەکەدا ڕەنگدەداتەوە، لە میانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری ئەو نووسەرە جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەخاتەڕوو کە خۆی تێیدا دەژی** ))( عوسمان یاسین،1991: 9). ئاشکرایە شێوازی هەردەقیکی ئەدەبیش مۆرکی سروشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای خاوەن دەقی پێوەیە. گەر وانەبێت، ئەوا خاڵی دەبێت لە شێوازێکی هارمۆنی،(( **گۆڵدمان بەدوای ئەو هارمۆنییەی شێوازدا دەگەڕا کە لە نێوان بونیادی کارە هونەرییەکان و پێکهاتووە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئارادابووە**)) (د. غالي شكرى،1978: 29) . چونکە داهێنراوی ئەدەبی بە ڕەمزی ژیانی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت لە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانیدا. ئەو ڕەمزە وادەکات کە دەلالەتی هەبیت، هەروەها گۆڵدمان بە دوای ئەو بونیادە زەیهنیانەی کە دەلالەتیان هەیە دەگەڕێت کە هەر دەقێکی ئەدەبی پێکدەهێنێت (د. غالي شكرى ،1978 :30) . ئامانجی لوسیان گوڵدمان لە بونیادگەری پێکهاتوویی ئەوەیە کە لە کارە ئەدەبییە باشەکاندا جیهانبینی دەربخات، ئەویش لەڕێی جێبەجێکردنی هەردوو کرداری تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوەیە، لەدوای شیکردنەوەی بونیادی واتایی لە شێوەی دەربڕینە زیهنی و فەلسەفییەکانەوە.

**قۆناغی یەکەم : تێگەیشتن** : یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە بونیادگەری پێکهاتوویی بە دۆزینەوە و دیاریکردنی بونیادی واتایی قوڵی دەقەکە دەست پێدەکات. ئەم کارەش دیراسەکردنی تەواوی دەقەکەیە لە چوارچێوەی بونیادی ناوەکی داخراودا، بە مەبەستی گەڕان بە دوای دەلالاتی کۆمەڵایەتی ناو دەقەکە، بەبێ زیادکردنی هیچ شتێك بۆی. (( **دەبێت شیکردنەوەکە بە ئاڕاستەی بونیادی ناوەوەی کارەکە بێت ،بەم قۆناغەش دەگوترێت قۆناغی تێگەیشتن** )) (د. حميد الحميدانى، 69:1990) . لەم قۆناغەدا دەلالاتی کۆمەڵایەتی نێو دەقەکە دەکاتە ئامانج . لە ڕێی شیکاری دەق لە پێناو دەرهێنان و دیاریکردنی بونیادە واتادارەکە، ئەوەی کە زیاتر لە دەقەکەدا دووبارە بۆتەوە، لە چوارچێوەی ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و مێژوویدا. بەم شێوەیە جیهانبینی دیاری دەکرێت، ئینجا تێڕوانینی ئیسلامی بێت، یان تێڕوانینی وجودی ، یان عەبەسی بێت، یان شۆڕشگێڕی بێت، یان تراژیدی بێت، لیبرالی بێت، یان ڕۆمانسی بێت، یان واقیعی بێت، یان کۆنەپەرستی بێت...هتد .

**قۆناغی دووەم: ڕاڤەکردن**. ڕاڤەکردن بە مانای نزیککردنەوەی دەقە لە دەرەوەی دەق، واتا هەڵوێستەکردن لە ئاستی ئەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی و ڕۆشنبیرییە. جگە لە هۆکارە دەروونییەکان کە دژی تیۆریەکەی گۆڵدمانە، کە ئەو بایەخ بە نەستی – لاشعور - تاك نادات بەڵکو بایەخ دەداتە نەستی بەکۆمەڵی – ئەمە یە کێکە لە خەوشەکانی ئەم پرۆگرامە - .

میتۆدی بونیادگەری پێکهاتوویی لایەنی باش و خراپی هەیە . باشییەکەی لەوەدایە کە کۆکەرەوەی ناوەوە و دەرەوەی دەقە، یان کۆکەرەوەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە . تێدەپەڕیت بۆ کرانەوە بە ڕووی کۆمەڵگادا، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دژوارییە دیالێکتییەکانی ( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژوویی، ڕۆشنبیری).گرنگترین شتیش لە میتۆدەدا ئەوەیە کە میتۆدێکی سۆسیۆلۆجی و زانستی و بابەتییە. هەوڵدەدات بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە دیراسەی ئەدەب بکات. لە ڕێی دیاریکردنی بونیادی واتادار –البنیة دالة- و ڕاڤەکردنی لەژێر ڕۆشنایی ئەنجام و زانیاری ژێدەری . جگە لە دەروونییەکان . پاشان دیاریکردنی جیهانبینی نووسەرەکە و ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە نووسەر سەر بەوانە . کەموکوڕی و خەوشی ئەم میتۆدەش ئەوەیە کە بە ڕادەیەکی زۆر ئایدۆلۆجییە ، بایەخی سەرەکی لایەنی ئایدۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییە( د.عبد الرحمن بوعلي،89:1994 ) . لایەنی دەروونی پەراوێز دەخات کە پەیوەندی بە نەستی تاکەوە هەیە و کاریگەری لە جیهانبینی نووسەران دەکات، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە بایەخدانی بە ڕەهەندی سۆسیۆلۆجی لەسەر حسابی ئەوەی کە هونەرە و ئێستاتیکییە ئەمەش یەکێکە لە خەوشەکانی . ئەوەندەی گرنگی دەدات بە لایەنی ئایدۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییە ئەوەندە گرنگی نادات بە لایەنی هونەری و ئەدەبی دەقەکە . تیشك خستنە سەر جیهانبینی نووسەر و بۆچوون و باوەڕی ئایدۆلۆجیان لا گرنگە . قوڵ نابیتەوە لە لایەنی ڕەوانبێژی و زەوقی و چاوپۆشی دەکەن لە وەرگر و قبوڵکەر .

**4. جیهانبینی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا**

بەختیار عەلی لە پێناوی بەرجەستەکردنی ئەو ململانێ و ڕووداوانەی کە لە چیرۆکی ڕۆمانەکەیدا هاتوون، وای بەباش زانیوە دوو جیهان بخوڵقێنێ، جیهانێکی واقیعی و جیهانێکی فانتازیا. شوێنی جیهانە واقیعییەکەی پێدەچێت شاری سلێمانی بێت. شانۆی ڕووداوەکانی جیهانە فەنتازیاکەشی خەرەندێکی قوڵی هەزاربەهەزارە لە قوڵایی زەویدا، جەنگەڵێکە، شوێن و حەشارگەی عاشقە هەڵهاتووەکانی جیهانە واقیعییەکەیە . وەك زەمەنیش کۆتایی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتاکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە . لەو دوو جیهانەدا جیهانبینی ڕۆماننووس ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەڕێی حیکایەتخوان و لەسەر زاری کارەکتەرەکانیەوە دەبیسترێت. جیهانبینی فەلسەفی و ئایینی ڕۆماننووس، دەربارەی ئەوین و ئایین و ئافرەت و ئازادی و بوون و ژیان و خودا. ئەم بابەتانەش پەیوەندیان بە کلتووری ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە. ڕۆماننووس خۆی دەربارەی ئەم ڕۆمانە دەڵێت: ((**لە ڕێگەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکەوە قسە لەسەر باری دواکەوتووی کۆمەڵگا و ژیانی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵگای کوردی کراوە، چەندین پرسیار سەبارەت بە مەسەلەی گۆڕان و ئازادی و مافەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و مەترسییەکانی توندڕەوی ئیسلامی وەکو لەمپەرێك لەبەردەم ویست و خواست و خەونەکانی ڕۆشنبیرانی سەردەم وروژێنراوە،..... بە شێوەیەکی گشتی کۆی نووشوستییەکان و عاشقە ناکامەکانی (( ئێوارەی پەروانە )) دەگـــەڕێتەوە بۆ قەیران و دواکەوتوویی باری کۆمـــەڵایەتی و باڵادەستی دۆگـــمایی ئایینی لە کۆمـــەڵگای کوردیدا** ))(مهاباد ئازاد محمد، 2009 : 110). دەکرێت جیهانبینی بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا لە چەند تەوەرەیەکدا بخرێتە ڕوو .

**1.4 چەمکی ئەوین لە ئێوارەی پەروانەدا**

سۆز و ئەوین یەکێکە لەو بابەتانەی کە بە درێژای مێژوو پانتاییەکی زۆری لەنێو ئەدەبدا داگیر کردووە، دیارە ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە هەستێکی خۆرسکی مرۆڤە. ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەیە لە ئەزموونی مرۆڤدا. بەو پێیەی ئەدەبیش باس لە ئەزموونی مرۆیی دەکات. زۆربەی زۆری حیکایەت و داستانەکان، گۆرانی و هۆنراوەی فۆلکلۆرو میللی، شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و دراما بە بابەتی ئەوین و خۆشەویستی ڕەنگرێژ کراون . چەمکی ئەوین لە بەرهەمی ئەدەبیدا لە ڕوانگەی خاوەنەکەیەوە تاوتوێ کراوە. بە شێوەیەکی گشتیش ئەوین لەنێو جیهانی ئەدەبیدا بە بەرزی و پیرۆزییەوە سەیرکراوە. بەختیار عەلیش لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا جیهانبینی خۆی دەربارەی ئەم بابەتە خستۆتەڕوو . ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر کارەکتەری

خوڵقاندووە، جۆرێکیان ئەویندارانن، جۆرەکەی تریان نەیارانی ئەویندارانن . لە ڕوانگەی ڕۆماننووسەوە نەیارانی ئەویندارانن، ئیسلامییە توندڕەوە کۆنەپەرستەکانن. ململانێی ئەم دوو گروپە و لێکەوتەکانی بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەن. بیرو پەیام و جیهانبینی ڕۆماننووسیش لەنێو ئەو ململانێیەدا چ ڕاستەوخۆ، چ ناڕاستەخۆ دەبینرێت، کە زیاتر لەڕێی حیکایەتخوان و دایەلۆگی کارەکتەرەکانەوە بە شێوەیەکی هونەری خراونەتە ڕوو، (( **ڕۆمان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەنووسرێت کە پەیامێك لە نووسەرەوە بگەیەنێتە خوێنەر، بۆ ئەمەش کۆمەڵێك کارەکتەر ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی لەباتی خۆی لە ڕێی ئەوانەوە ئەم نامەیە بە باشترین شێواز و داڕشتنی ئەدەبیدا بۆ لای ئەوان بنێرێت** ))(د.نجم خالد نجم الدين، 2005 : 281) . ئەویندارانی ئەم ڕۆمانە( پەروانە و فەرەیدوونی مەلەك، گۆڤەندی پەیکەتاش و دلارام، کلپە و میدیا، سیامەندی باڵندە و مەعسوومە، عەزیزی تیرئەنداز و شەهلا) ن . ئەمانە لە جیهانی باڵادەست بێزارن، خەون بە کۆمەڵگایەکی نموونەییەوە دەبینن . خەون بە جیهانێکەوە دەبینن ئەوین باڵادەست بێت تیایدا . جیهانێکی پڕ لە بەها جوانەکان .**پەروانە** کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە. یەکێکە لە ئەویندارەکانی ڕۆمانەکەو لە پێناوی ئەوینەکەیدا دەکوژرێت. هاوکات وەکو ڕەمزی ئەویندار بەکارهاتووە، ناوی (پەروانە) لە شیعری کوردیدا وەك ڕەمزی عاشق بەکارهاتووە، عاشقێك کە گیانی خۆی دەکاتە فیدای مەعشوقەکەی. پەروانە بە مانای پەپوولە دێت، پەپوولە گیاندارێکی پاك و بێگەردو جوانە. لە دیدی بەختیار عەلییەوە ئەوینداران کەسانی پاك و بێگەردن و هەڵگری بەها جوانەکانن، هەروەکو پەروانە بە فەرەیدونی خۆشەویستی دەڵێت : (( **تۆ بۆیە منت خۆشویست، چونکە لە پەروانەکان دەچووم، پەروانەش لای تۆ مانای جوانی و مردن لە عەشقدا و چەندین شتی دیکە** ))(ل:210). پێدەچێت ڕۆماننووس بۆ ئەم مەبەستە ئەو ناوەی هەڵبژاردبێت. لە شوێنێکی تردا فەرەیدونی بە گۆڤەندی هاوڕێی دەڵێت :(( **ئاە گۆڤەند، تۆ پێمبڵێ... چ شتێك لەم دونیایەدا وەکو پەپولە و عەشق لەیەکدەچن، سەیری پەپولە بکە و بەراوردی بکە بە ئەڤین، سەیری نازکی، تەمەنی کورتی، هەڵوەرین و سوتانی بکە...سەیرکە، چەند لە عەشق دەچێت ... پەپولە وەکو عەشق دەڕوات و کەس هەنگاوەکانی نابینێت، لە کۆنەوە وا بووە، سەیری شیعرە کلاسیکییەکان بکە**))( ل: 178) . پەپولە لەم ڕۆمانەدا وەك ڕەمز بەکارهاتووە، ڕەمز بۆ ئەوین و جوانی و پاکی. هەر سێ سیفەتەکەشی بۆ ئەوین و ئەویندارانی ڕۆمانەکەی بەکاریهێناون. پەپولەکان هەمیشە لەدەوری ئەو کارەکتەرانەن کە ڕۆماننووس وەك کەسانی عاشق و پاك و جوان و بێگوناح خوڵقاندوونی و پاڵپشتییان لێدەکات و هاوسۆزە لەگەڵیان، ئەمە جگە لەوەی وا دەریان دەخات کە نموونەی مرۆڤی ناخ و بیر جوان و پاك بن، پەپوولە ئاسا بەرخودانی ئەو سیفەتانەن کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا. (( **ئەم پەپولانە دوا جوانین... لەوانەیە کۆتایی هەموو جوانییەکیش بێت** ))(ل:209). یان (( **پەروانە لای تۆ مانای جوانی و مردن لە عەشقدا ...**))(ل:210)

بەختیار عەلی پێی وایە ئەوین سەرچاوەی داهێنان و بلیمەتی و مەزنی مرۆڤەکانە، سەرچاوەی بەهرە و ئیلهامی هونەرمەندانە ، (( **عەشق هەموومان دەگۆڕێتە سەر یەك مرۆڤ، یەك مرۆڤی مەزن و بەتوانا و گەورە، هەر خۆشی ئەو مرۆڤە گەورەیە دەگۆڕێتە سەر هونەرمەندێکی داهێنەرو بلیمەت** ))(ل:172) .ئەو پێیوایە پاڵنەری سەرەکی هونەر ئەوینە؛ ((**...عەشق هەموو پیاوە ئاساییەکان دەگۆڕێت بۆ هونەرمەند**))(ل:112). لە شوێنێکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە هونەر پاڵنەرێکە بۆ دروست بوونی ئەوین،(( **هونەری هێزێکی سیحراوی تێدایە، ئەگەر بتوانین کاری پێبکەین، دەمانخاتە سەر شەقامەکانی عەشق و تەبایی** ))(ل:207). کەواتە بەپێی تێڕوانینی بەختیار عەلی ئەوین و هونەر دووجەمسەری یەك تەنن . لە لایەکی تریشەوە پێی وایە کە ئەویندارن جیاواز لە خەڵکی تر، لە ڕێگەی خوڵقێنراوە جوانەکانەوە بۆ خوا دەگەڕێن**(( ... عەشق وادەکات مرۆڤ لەبری ئەوەی بۆ خودا بگەڕێت بۆ دیتنی مانگ و ئەستێرە و جوانی بگەڕێت** ))(ل:105). بەلای لاڕۆماننووسەوە ئەوین وزە دەداتە مرۆڤ و بەرەو ئاکارو ڕەوشتی نموونەیی دەیبات. مرۆڤی بەهرەمەندو بە توانا دروست دەکات، (( **دەبێت باوەڕمان بە عەشق بەهێزبێت، ...، ڕۆژێك دێت هەموو میللەتەکان لەسەر سفرەی عەشقی یەکتری یەکدەگرنەوە ، دیانەتەکان لەسەر خوانی مەحەبەت کۆدەبنەوە، دوژمنەکان لە باغی ئەڤیندا باوەش بەیەکدا دەکەن ،... ، عەشق دەبێتە دەسەڵات ، دەبێتە یەکخەر و ڕێکخەری مرۆڤەکان، دەبێتە وزەیەکی خوڵقێنەر بۆ مانەوە و شەڕ** ))(ل: 170-172). ڕۆماننووس بە پیرۆزییەوە تەماشای ئەوین دەکات، ئەوین بە داینەمۆی ژیان لە قەڵەم دەدات و پێیوایە هێزێکی ئەفسوون ئاسایی هەیە. ئەوین دڵ و دەروونی مرۆڤەکان لە ڕق و کینە دەشواتەوە، هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لەسەر خوانی ئەو کۆدەبنەوە . ڕۆماننووس پێشبینی ئەوە دەکات کە ڕۆژێك دادێت ئەوین دەبێتە هێزێکی یەزدانی و بزێنەری جیهان، کۆنترۆڵی گشت جومگە سەرەکییەکانی بوون و ژیان دەکات، (( **ڕۆژێك ئاسمان درز دەبات و عەشق و مەحەبەت لە مەلەکووتە دوورەکانەوە دەڕژێت. کێڵگە خۆی ڕادەوەشێنێت و لە لاسکی ڕووەکە سەوزەکان شەونمی ئەڤین دەبارێت، زەوی عەشق دایدەپۆشێ، مرۆڤ لە**

**خۆشه‌ویستی زیاتر كارێكی دیكه‌ی نامێنێت، هه‌ر ئینسانه‌ و دێت و سۆز به‌سه‌ر ئه‌وی تردا ده‌ڕژێنێت، هه‌ر عه‌شقه‌ و گه‌وره‌ ده‌بێت ... به‌ ئه‌ندازه‌یه‌ك ئیدی جگه‌ له‌ عه‌شق هیچ وشه‌یه‌كی دیكه‌ نامێنێت، مرۆڤ پێویست ناكات زمان بزانێت ، چونكه‌ عه‌شق ده‌بێته‌ ته‌نها زمان. مرۆڤ پێویست ناكات هیچ به‌هره‌یه‌كی هه‌بێت، چونكه‌ عه‌شق ده‌بێته‌ ته‌نها به‌هره‌، مرۆڤ پێویست ناكات كاربكات، چونكه‌ عه‌شق ده‌بێته‌ ته‌نیا كار** ))(ل: 170-171)، به‌ پێی تێڕوانینی ڕۆماننووس گشت به‌ها جوانه‌كان ئاوێته‌ی ئه‌وین بوون، به‌بی ئه‌وین جوانی ژه‌هرێكی كوشنده‌یه‌،(( **جوانی به‌بێ عه‌شق، ژه‌هرێكی هێمن و له‌سه‌رخۆیه‌، به‌ بێ ده‌نگ ده‌مانكوژێت،... ، چونكه‌ جوانی گه‌ر په‌یوه‌ندییه‌كی قوڵی به‌ عه‌شقه‌وه‌ نه‌بێت، ده‌بێت یارییه‌كی كوشنده‌، یارییه‌ك كه‌ گۆشه‌گیری و ته‌نهایی مرۆڤه‌كان قوڵده‌كاته‌وه‌**))(ل:171- 172).

ئه‌وینداراانی نێو ڕۆمانه‌كه‌ خوازیارن كه‌ ئه‌وین فریادڕه‌سیان بێت و هێزیان بداتێ له‌ كێشه‌و ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌كان ڕزگاریان بكات، له‌ڕێی ئه‌وه‌وه‌ بگه‌نه‌ خۆشه‌ویستی خوداو نیشتیمان،(( ... **داواده‌كه‌ین عه‌شق پردی نێوان ئێمه‌ و خودا بێت، عه‌شق پردی نێوان ئێمه‌ و نیشتمان بێت، عه‌شق ڕزگاركه‌ری ئێمه‌ بێت له‌ بێزاری شاره‌كان، له‌ ساردی ئاینه‌كان، له‌ ماندوێتی ناو كێڵگه‌ و كارگه‌كان، له‌ ده‌ربه‌ده‌ربوونمان له‌ دونیا، له‌ نامۆیمان و په‌راوێزبوونمان له‌ جیهان... داواده‌كه‌ین عه‌شق باڵمانبداتێ، توانامان بداتێ، هێزی داهێنانمان بداتێ**))(ل:174) . ئه‌مه‌ جیهانبینی وخواست و خه‌ونی به‌ختیار عه‌لییه‌و له‌ سه‌ر زاری یه‌كێك له‌ كاره‌كته‌ره‌كانییه‌وه‌ ده‌یخاته‌ڕوو. ئه‌و پێیوایه‌ به‌هۆی به‌ربه‌سته‌ كۆمه‌ڵایه‌تی و ئاینییه‌كانه‌وه‌ ئه‌م خه‌ونه‌ له‌ كۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا نایه‌ته‌دی، (( **به‌ڵام عه‌شق خۆی له‌ جیهانێكی وه‌كو ئه‌م جیهانه‌ی ئێمه‌دا، له‌ شارێكدا وه‌كو ئه‌و شاره‌ی كه‌ ئێمه‌ له‌ كوچه‌ و كۆڵانه‌كانیدا گه‌وره‌بووین، جگه‌ له‌ دیلێكی بریندار هیچی تر نییه‌، جگه‌ له‌ زامێكی گه‌وره‌ و شاردراوه‌ هیچی تر نییه‌ كه‌ هه‌تا ناوێرێ خوێنی خۆی نیشانبدات... له‌ هه‌ر شوێنێكه‌وه‌ ده‌ركه‌وت ده‌پێكرێت** ))(ل: 174).

نه‌سره‌دینی بۆنخۆش كاره‌كته‌رێكی تری ڕۆمانه‌كه‌یه‌. ده‌لیلی ئه‌وینداڕانه‌. چیرۆكی ئه‌وینداڕانی له‌ كتێبێدا كۆده‌كرده‌وه‌ و تۆماری ده‌كرد.((سه‌ربووردی دڵداره‌ كوژراوه‌كانی ده‌نووسییه‌وه‌،خه‌ریكی كۆكردنه‌وه‌ی هه‌موو تراژیدیاكانی ئه‌ڤین بوو)) (ل:130). ڕۆماننووس ئه‌م كتێبه‌ به‌ (( كه‌شكۆڵی عاشقان ، عه‌شقنامه‌))(ل:130). ناوده‌بات . هه‌ر له‌ زاری ئه‌م كاره‌كته‌ره‌وه‌ ده‌رباره‌ی عه‌شقنامه‌ ده‌ڵێت: (( ئه‌و كه‌شكۆله‌ گه‌وره‌یه‌، كه‌ هه‌زاران لاپه‌ڕه‌ی دوورودرێژبوو، ناو و سه‌ربوورد و چاره‌نووسی یه‌ك سه‌ده‌ له‌ عاشقانی تیابوو، حیكایه‌تی هه‌موو دڵداره‌كانی كوردستانی له‌ دوای ئیماره‌تی بابانه‌وه‌ پاراستبوو، وێنه‌ی سه‌ده‌ها گۆڕی عاشق و مه‌زاری ئه‌ڤینی هه‌ڵگرتبوو، له‌ شیرین و فه‌رهاد و وه‌لی دێوانه‌ و شه‌مه‌وه‌ تا ده‌گه‌یشته‌ سه‌ر په‌روانه‌ و فه‌ره‌یدوونی مه‌له‌ك، وه‌سف و ته‌فسیری تیا بوو))( ل:131). به‌ختیار عه‌لی حیكایه‌تی ئه‌وین و ئه‌وینداران به‌ به‌شێكی پیرۆز و به‌هاداری كلتووری نه‌ته‌وه‌یی و ئه‌ده‌بی نه‌ته‌وه‌یی له‌قه‌ڵه‌مداوه‌ . به‌ڵام له‌ دیدی كۆنه‌په‌رستان و سیاسیان و ئاغا و ده‌ره‌به‌گ و زانا ڕۆحانییه‌كان به‌ چاوێكی سووك و بێئابڕووی ئه‌و كه‌شكۆڵه‌ ناوده‌به‌ن ((... سیاسییه‌كان و ئاغاكان و سه‌رۆك عه‌شره‌ته‌كان و زانا ڕۆحانییه‌كان، زه‌وی به‌دوای ئه‌و كتێبه‌ ته‌یده‌كه‌ن، به‌ قاموسی شه‌ره‌فه‌ شكاوه‌كان و ئابڕوو تكاوه‌كان ناویده‌به‌ن))(ل:130) . به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌مانه‌وه‌، به‌رخودانی پاكی و جوانی و ڕووناكبیران به‌ سامانێكی ئه‌ده‌بی ناوی ده‌به‌نی: ((... به‌ڵام عاشقان و خوێنده‌واره‌كانی شار ناویده‌نێن (( عه‌شنامه‌)))) (ل:130).

### 2.4 چه‌مكی ئایین له‌ئێواره‌ی په‌روانه‌دا

ئێواره‌ی په‌روانه‌ پێكهاته‌یه‌كه‌ له‌ ڕه‌هه‌ندی ئاینی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ڕۆحیه‌تێكی ئه‌فسانه‌یشی هه‌یه‌. ئه‌م رۆمانه‌ له‌سه‌ر بناغه‌ی ململانێی دوو جیهان و دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ ژیان دامه‌زراوه‌، جیهانێك سه‌رچاوه‌ی باڵاده‌ستی هزره‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان، تێكه‌ڵ به‌و ئه‌قڵ و هزرانه‌ی كه‌ له‌ ئاینه‌وه‌ سه‌رچاوه‌یان گرتووه‌. جیهانه‌كه‌ی تر نه‌وه‌ی نوێیه‌، ململانێی نه‌وه‌ی نوێ له‌گه‌ڵ ئه‌م هزره‌ كۆمه‌ڵایه‌تی و ئاینییانه‌. ڕۆمانه‌كه‌ باس له‌ مه‌ترسی كه‌لتوورو ڕێبازی ئاینی و شه‌ڕی سیاسی ده‌كات له‌سه‌ر كۆمه‌ڵگا. چیرۆكی ململانێی مرۆڤه‌كانه‌ له‌گه‌ڵ دابونه‌ریتی كۆمه‌ڵایه‌تی و به‌ربه‌سته‌كانی كلتوور و فه‌رهه‌نگی توندڕه‌وه‌ ئیسلامییه‌كان. ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌ی كۆنه‌په‌رستی و هه‌وڵی گه‌ڕانه‌وه‌ی مافی ئازادی تاكه‌كانه‌؛ شۆڕشێكه‌ دژی ئه‌و كۆت و به‌ند و به‌ربه‌ستانه‌ .

كاره‌كته‌رێكی تری سه‌ره‌كی ڕۆمانه‌كه‌ (خه‌ندانی چكۆله‌)یه‌، خوشكی په‌روانه‌یه‌. گێڕه‌ره‌وه‌ی هه‌مووشتزانی حیكایه‌تی ڕۆمانه‌كه‌یه‌ . له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م كاره‌كته‌ره‌وه‌ و له‌سه‌ر زاریه‌وه‌ به‌شێكی زۆری جیهانبینی به‌ختیار عه‌لیمان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت. كاره‌كته‌ری (پوور)یش یه‌كێكه‌ له‌ كاره‌كته‌ره‌كه‌ بزووێنه‌ره‌كانی ڕۆمانه‌كه‌، پووری په‌روانه‌ و خه‌ندانه‌، خوشكی باوكییانه‌ . ئه‌م كاره‌كته‌ره‌ ڕۆڵی ئافره‌تێكی  توندڕه‌وی ئایینی ده‌بینێت. پابه‌ند به‌ كلتووری كۆمه‌ڵایه‌تی كۆمه‌ڵگای كوردی، ڕابه‌رایه‌تی ئافره‌تانی گروپێكی حیزبه‌ ئیسلامییه‌كان ده‌كات(( **پوورم خوشكه‌ سۆفیله‌كه‌ی خۆی، كه‌ له‌ ژێره‌وه‌ڕا جیهانی هه‌موو خاتوونه‌**

**ئيماندارەكانی شاری بەڕێوە دەبرد** ))(ل:27). ڕۆماننووس لەسەر زاری خەندانەوە ئەو ئافرەتانەی لە دەوری پووری كۆبوونەتەوە و ئەو ڕابەرايەتييان دەكات و بەرەو جيهانی پاكبوونەوە و ئيمانداريیان دەبات، بەتۆڕی تاريك و شەيتانيان ناو دەبات، ((... **دەمزانی ئەو ژنە تۆڕێكی تاريك و شەيتانی لە هەموو كۆڵانێكی شاردا هەيە**))(ل:30) . هەندێجار ڕۆماننووسان لە ڕێگەی وەسفی شوێن و كارەكتەر و ڕووداويشەوە جيهانبينی خۆيان بەرامبەر شتێكی دياريكراو كە مەبەستيانە دەردەبڕن. ڕۆماننووس لەسەر زاری خەندانی چكۆلەوە بەم شێوەيە وەسفی ژنە ئيماندارە دەفژەنەكانی هاوەڵی پووری دەكات و دەڵێت: **((.. ئەو بۆنە كوشندەيەيان ... بۆنی بوغوردو شەو ، بۆنی بەرماڵ و خوێن ...** ))(ل :30 ). لە شوێنێكی تردا ڕۆماننووس جيهانی پووری پەروانە و ئەو ئافرەتە موسوڵمانە توندڕەوانە بە جيهانێكی سامناك و تۆقێنەر ناو دەبات،(( **... پوورم و مەملەكەتی دەفە سامناكەكان ..**))(ل:42). يان كاتێك وەسفی ماڵی پووری دەكات، هاوشێوەی دڵ و دەروونی تاريك و داخراو و خاڵی لە جوانی، وێنای دەكات،(( **هەر كە چاوم بە ديمەنی ئەو ژوورە تاريك و داخراوانە كەوت، كە چاوم بەو دەف، شمشێر، تەزبيح و ئەو پرچە بڕاوانە كەوت كە بەشێوەيەكی سەير لەهەموو جێگايەكدا هەڵواسرابوون، ترسێكی كوشندە دايگرتم. ماڵەكە لە شەبەقێكی چكۆلانەوە نەبێت ... لە هيچ جێگايەكی ترەوە خۆری تێنەدەكەوت...**))(ل:44). لە وەسفی پووريشدا ئاماژە بەوە كراوە كە كەسێكی دڵڕەق و بێبەزەييە،**((... بيرم لە پوورم دەكردەوە، دەمزانی لە جيهانی ئەودا، لە شەريعەتەكانی ئەودا، ڕەحم و بەزەيی جێگايان نابێتەوە ...**))(ل:265).

ڕۆماننووس ڕەخنەيەكی توند لە ڕابەرانی گرووپە ئيسلامييەكان دەگرێت، وای دەبينێ كە كەسانی نەشياون، كۆنەپەرست و شكستخواردوون و ناخڕەش و دڵ پڕ لەكينەن و گرێی دەروونييان هەيە، ئەوەتا لە زاری خەندانەوە شيكاری دەروونی كەسايەتی پوورمان بۆ دەكات، كە ڕابەرايەتی ئافرەتە ئيسلامييەكان دەكات : (( **پور كە هەشت كچی هەبوو و لە ژيانيشيدا نێرينەيەكی نەخستبووەوە ، بێوەژنێكی توندوتيژ بوو، ئەو دەسەڵاتە گەورەيەشی كە لەناو ژنە سۆفيەكانی شاردا هەيبوو، شەوقێكی تەليسماوی لە ناو كچە شەرمن و ترسنۆكەكاندا بۆ دروست كردبوو، ئەو كچانەی هەر هەشتيان شەوان جێگاكانی خۆيان تەڕدەكرد و هەندێكيشيان لاڵ بوون و هيچيان جگە لە هەندێ وانەی مزگەوت نەبێت ،سەردانی جێگەيەكی تری ئەم دونيا گەورەيان نەكردبوو، هەموو لە زوڵمەتی ئەو خانووەدا لەدايكبووبوون و لەويادا گەورە بووبوون و دەشيانويست لەويادا بمرن** ))(ل:44) . بەختيار عەلی بەشێوەيەكی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە ڕابەری ئيسلامييەكان دەگرێت كە خۆيان كەسی شكسخواردوون . ئەوانەی نوێنەرايەتی گرووپە ئيسلامييەكان دەكەن. ئەوانە هەوڵدەدەن مرۆڤ لە خۆشييەكانی ژيان دابڕن، كۆنەپەرستن و دژی هەموو كرانەوە و پێشكەوتنێكن . هەروەكو (پوور ) بە كچەكانی خۆی دەڵێت : (( **باڵاترين پلەی ئيمان، عيبادەتی بەردەوامی خودايی نييە، بەڵكو دوورە پەرێزييە لە جيهان** ))(ل:46) .

لە ديدی بەختيار عەلييەوە كۆمەڵگای ئێمە كەوتۆتە ژێرگاريگەری كلتووری ئاينيی و ئەو گروپانەی لەژێر ناوی ئاييندا بانگەشەی چاكسازی و پاكبوونەوە دەكەن، پابەندبوونی زۆری كۆمەڵگای كورديش بە ئايينەوە وای كردووە بكەوێتە ژێركاريگەری ئەو گروپە ئيسلامييانەوە . لە ڕۆمانەكەدا لە ديدی ئەو گروپە توندڕەوانەوە ئەوينداری تاوانە و دژی ياساكانی ئايينە، (( **هەندێ لە عاشقەكانی شار مەترسی كوشتن بەدەستی ديندارە توندڕەوەكان بەرەو ئەم شاخ و كێوانەی هێنابوون... لەژێر چەقۆی پياوكوژەكان دەربازبوون** ))(ل:130) . ئەم گروپانە پێيانوايە دەبێت ئەوينداران سزا بدرێن، نەك هەرخۆيان دەبێت كەسوكاريشيان باجی تاوانی ئەوان بدەن . خەندانی چكۆڵە باجی ئەويندارى و ڕەدووكەوتنی پەروانەی خوشكی دەدات، تاوانبارە و دەبێت سزا بدرێت. لە قوتابخانە دەردەهێنرێت، زيندانی دەكرێت، سووكايەتی پێدەكرێت، ياساو ڕێسايەكی بەسەرا دەسەپێرێت كە دوورە لە حەزو ئارەزوو و جيهانی ئەوەوە . نەفرەتی لێدەكرێت و مەحكووم دەكرێت بە ژيانێك كە دوورە لە جيهانی ئەوەوە. بە زۆر ژينگەيەكی بەسەردا دەسەپێنرێت كە هەڵبژاردەی ئەو نييە. كە ئەويش جيهانی ژنە دەفژەنەكان، و ژيانی لەنێو قوتابخانەی تۆبەكارانەايە. دوای ئەوەی باوكی ڕادەستی خوشكە ئيسلامييەكەی دەكات، دەڵێت:((... **پەلی گرتم و بردمی بەرەو جيهانێكی سەير، جيهانی خوشكە تۆبەكارەكان، جيهانی ئەو كيژە منداڵ و گەنجانەی قەدەريان بوو گوناهی خوشكەكانيان هەڵگرن و پاكيبكەنەوە، جيهانی ئەو كچانەی كە دەبوايە كڕنوشبەرن و بخوێنن و وسڵی پيسێتييەك دەربكەن كە هەرگيز لە جەستەيان نەدەبووەوە** ))(ل:118). تەنانەت بە شەيتان و گڵاوی ناودەبەن (( **تاكەی دەبێت شەيتانێكی گڵاوی وەك تۆ لەناوماندا بێت**))(ل:49).

لە ئێوارەی پەروانەدا ئاشقەكان بەدوای جيهانێك دەگەڕێن پەناگەيەك بێت بۆيان، تا بە ئازادی و ئارامی تيا بژين، جيهانێك سەرجەم ياسا و ڕێساكانی لەسەر ئەوين داڕێژرابێت. جيهانێك جوانی و پاكی و ئەشق تيا باڵادەست بێت . بەختيار عەلی

ئەو جیهانەی بۆ خوڵقاندوون، شوێنێکی فانتازیایە، (عەشقستان) ناوی جیهانە فەنتازیاکەی ڕۆمانەکەیە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا خەرەندێکی قوڵی هەزاربەهەزارە لە قوڵایی زەویدا، جەنگەڵێکە، شوێن و حەشارگەی عاشقە هەڵهاتووەکانە، ڕۆمانووس لەسەر زاری نەسرەدینی بۆنخۆشەوە دەربارەی ئەم جیهانە دەڵێت : (( **ئێرە لە دەرەوەی زەمەنە، لە دەرەوەی دونیایە، خەیاڵی خودایەکی ڕاکردوو لە ئاسمان خوڵقاندوێتی...**)) (ل:103). لە ڕێگەی دیاریکردنی مێژووی بوونی ئەم پەناگەیەشەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە لە کلتووری کۆمەڵگای کوردیدا بە درێژایی مێژوو دژایەتی ئەوین و ئەوینداری کراوە، (( **یەکەمین کەس کە پێیخستۆتە ناو ئەم دار و چڕستان و بێشەیە، عاشق بووە، ڕەنگە حیکایەتی پەیوەندی ئەم دارستانە بە عاشقانەوە بگەڕێتەوە بۆ سەدەیەك لەمەوبەر،...، کاتێك عاشقێکی نەناسراو بە تەنها و بە نهێنی و دوور لە ئاگاداری هیچ کەسێك بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستگیرانە بەدبەختەکەیدا دابەزنە ناو ئەم خەرەندەوە، تا خۆیان لە چارەنووسی ڕەشی عاشقانی پێش خۆیان دەربازکەن، کە سەربوردەیان لە دەمی حیکایەتخوان و لاوکبێژە گەڕۆکەکان بیستبوو** ))(ل: 103). ڕۆمانووس بە چەند جۆرێك و بە بەرزی و پیرۆزییەوە ناوی ئەم جیهانە دەبات،(( **عەشقستان، ئیمپراتۆریەتەکانی ئەڤین زەوی ئەفسانەیی... بەهەشتە ئەفسانەییەکە، بێشە، خاکی خورافی، جەنەتی عەشق، جەننەتی عاشقان** ))( ل: 6، 86، 103، 105، 135، 217، 235 ). بەڵام توندڕەوە ئیسلامییەکان پێیدەڵێن : ((**جەنگەڵی نائومێدی، کوونە عاشقان، جەنگەڵی شەهوەتەکان، هەڵدێری زینا، شەیتانستان، خەرەندی زیناکاران** )) (ل: 105،6، 232، 233، 292). ئەمە جیهانبینی بەختیار عەلییە سەبارەت بە ئەوین و سەبارەت بە عەقڵیەتی ئەو توندڕەوانە. ئەو پێمان دەڵێت ئەم جۆرە ئیسلامانە ئەوین بە تاوان و گوناهێکی شەیتانی دەبینن . هەربۆیە بە مرۆڤی بچووك لە ئەقڵدا ناویان دەبات، هەروەکو خەندان کە باسی هەڵوێستی باوکی دەکات دوای ڕەدوکەوتنی پەروانە، دەڵێت:(( **باوکم ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر دەخزایە کونجی ئەو مزگەوتە تاریکانە و لەگەڵ پیاوە چکۆلەکانی** دیکەدا **لە بەحری پاڕانەوە و زیکر و سەڵاواتدا وندەبوو** ))(ل:116). یان لە شوێنێکی تردا بەم شێوەیە باسی ئەو ئیسلامییانە دەکات ودەڵێت : (( **کوڕێکی چکۆلانەی ڕیشنی ئیماندار...، پیاوانی چکۆلانە و ڕیشن و ئیماندار**))( ل: 197) . ڕۆمانووس ڕەخنەی توند لە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەگریت و پێیوایە ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و باوەڕهێنانی خەڵکی پێیان ڕووداوی نەبوو و درۆ و دوور لە واقیع دروست دەکەن. (مەعسوومە) کە یەکێکە لە کارەکتەرە عاشقەکانی ڕۆمانەکە، دەربارەی توندڕەوە ئیسلامییەکان دەڵێت: (( **ئەوان گوناهبارێکی وەکو منیان بۆ زیکر و خەتم و دوعاکردن نەدەویست، بەڵکو من بە نەزانی خۆم، نهێنی دنیایەکم بۆ ئاشکرادەکردن، ئەگەر نەشبایە ئەوان دەبوایە دروستی بکەن**))( ل: 199) . لە کۆمەڵگای ئێمەدا باڵادەستی ئایین دەسەڵاتی تەواوی داوەتە کەسان و پیاوانی ئایینی،خەڵکێکی زۆریش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بە تێڕوانین و بڕیاری ئایینی ئەوانەوە، زۆرینەی ئەو تێڕوانین وبڕیارانەش چ ئەوانەی هەڵقوڵاوی ئایینی ئیسلامن و لە خزمەت مرۆڤایەتیدان، و چ ئەوانەی دەستکردی کەسان و گروپ و حیزبە ئیسلامییەکانن و بۆ بەرژەوەندی حیزبی و کەسی خوڵقێنراون، هەندێکیان بوونەتە نەریت و کلتووری کۆمەڵگای کوردی و کاریان پێدەکرێت. لەم ڕۆمانەدا بەختیار عەلی تیشکی ڕەخنەی خستۆتەسەر هەندێك لەو کلتوورە دەستکردانەی دەرهاویشتەی بیروباوەڕی ئایینین، بە تایبەتی ئەوانەی هێندەی زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن ، هێندە سوودبەخش نین . کاتێك خەندان باسی خوشکە تۆبەکارەکان دەکات، کە چارەنووسی ئەوان وابووە لە تاریکیدا بژین؛ تۆبەکردنەکەشیان پشت کردنە ژیان و جیهانە؛ هەڵبژاردنی ژیانێکی تاریك و بێ ڕووناکی و بێچێژو خۆشییە: (( **چیرۆکێکە بە قەدەری تاریکی ئەو خانمانەشەوە بەستراوە کە ژیانیان لە زوڵمەتی تۆبەکردندا بردەسەر**))(ل:14). ڕۆمانووس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە ئەو گروپانە دژی جوانین و جوانیبینین بە تاوان دەزانن، لە زاری زەینەبی کوێستانی کە یەکێکە لە مامۆستایانی قوتابخانەی تۆبەکارانەوە باس لە هەنگاوی یەکەمی تۆبەکردن دەکات و دەڵێت : ((...سەفەرێکی دوورودرێژە، سەفەرێکە بە ڕیشەکێشکردنی فیتنەکانی جوانی دەستپێدەکات . جوانی ڕێگەی یەکەمە بەرەو لەزەت، ئەوەشی لەزەتی لە پاکی لا گرنگتربێت، گەوناهبارە، لەزەت و پاکی دوو شتن پێکەوە کۆنابنەوە، مرۆڤ کە بیر لە جوانی دەکاتەوە، یان شەیدای خۆی دەبێت، یان شەیدای کەسانی تر، کە بیریش لە لەزەت دەکاتەوە، تەنها بیر لە ئارەزووە بەدەکانی خۆی دەکاتەوە...))(ل:184).

لەدیدی ڕۆمانووسەوە ئەوانە نەك هەر دژی جوانین، دژی هەموو بەها جوانەکانن، دژی پیرۆزییەکانی مرۆڤن، دژی هەست و سۆزە خۆرسکی و ئەزەلییەکانن . نەفرەت لە ئەوین و ئەویندارن دەکەن. هەروەك پرۆسەی گەڕان بەدوای دوو عاشقە هەڵهاتووەکەیان ناو ناوە: ((**گرتنەوەی شەیتانەکان** ))(ل:45). بەختیار عەلی ڕاستەوخۆ پێماندەڵێت گیان و جەستەی خاڵی لە ئەوین و لە جوانی، گیان و جەستەیەکی سارد و سڕە، هەروەکو لە وەسفی تۆبەکاراندا دەڵێت: (( **هەموو ئەوانەی بە ڕاستی تۆبەدەکەن، لەشیان زیاتر و زیاتر ساردەبێتەوە، زیاتر و زیاتر سەرما ئازاریاندەدات** )) ))(ل: 227-228). هەروەها لە دیدی ڕۆمانووسەوە کتێب و مەعریفە و زانست و ئەدەب دوورن لە جیهان و لە فەرهەنگی بیروباوەڕی ئەو جۆرە توندڕە ئیسلامییانەوە، نەك هەر

doorin بەڵکو دژایەتی دەکەن و بە دوژمنی سەرسەختی ئایدیاکەیانی دەزانن. لە سەرەتای پرۆسەی گەڕان بەدوای پەروانە و فەرەیدوندا، کاتێك پووری پەروانە و ئافرەتە دەفبەدەستەکان و ئاپۆڕا جەماوەرییەکە دەگەنە بەردەم ئەو کتێبخانەیەی کە ئەو دوو ئەویندارە خۆیان تیایدا شاردبووەوە، خەندان دەڵێت: (( **بەڵام لە ناکاو لە بەردەم کتێبفرۆشییەکدا وەستاین ... پورم خۆی دەستی بەرزکردەوە و گوتی: (( لێرەن ئەو دوو زیناکارە لەناو ئەم کتێبە شەیتانیانەدان ))** (ل:40). ئەوانە کتێب بە شەیتان لە قەڵەم دەدەن . کتێبەکان فڕێ دەدەنە دەرەوەو دەیانسوتێنن،(( **لەگەرمەی نائومێدیاندا، دەفەکانیان دادەناو دەکەوتنە پەلاماردان و تورِدانی کتێبەکانی کتێبفرۆشییەکە ... سەفتە سەفتە کتێبەکانیان دەهێنایە دەرێ توڕیاندەدایە ناو بارانەکە...لە ناوەوە ئاگریاندەدا، لە چاوتروکانێکدا هەموو شتێك بڵێسەی سەند**))(ل:40). ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ڕەمزی و ناڕاستەوخۆو بە وێنەیەکی فانتازیا جیهانبینی خۆی دەربارەی سووتاندنی کتێبەکان دەردەبڕێت و ڕەخنەی لێدەگرێت و ئەو کردارە بە لەناوبردنی جوانی و پاکێتی و ئەوین لەقەڵەم دەدات . لە کاتی سووتانی کتێبەکاندا وێنای کۆمەڵە پەپولەیەکمان بۆ دەکات کە لەنێو کتێبەکاندا دێنە دەرەوەو دەسووتێن و لە ناودەچن، پێدەچێت لای ڕۆماننووس ئەو پەپولانە هێمای جوانی و پاکی و عیشق بن، (( **ئەوان کتێبەکانیان دەهێنا و توڕیاندەدایە سەر ئاگرەکە، من لەو کڵپانە ڕادەمام و پەپولەی چکۆلانەم دەبینی لەناو ئاگرەکەدا دەسووتێت، کتێبەکانیان فڕێدەدا و لە نێو پەڕەکاندا پەپولەم دەبینی هەڵدەوەرێت و دەکەوێتە ناو ئاگرەکەوەو دەبێتە تۆز...پەپولەی زۆر، پەپولەی گەورە گەورە کە لەنێو کتێبەکاندا دەهاتنە دەرێ و وەکو بیانەوێت بفڕن کەمێك بەرزدەبوونەوە و خێرا کڵپەکان دەیانخواردن**))(ل:41). لێهاتوویی و باڵادەستی ڕۆماننووس زیاتر لەوەدا دەردەکەوێت کە جیهانبینی خۆی لە قاڵبێکی هونەری بەرزدا پێشکەش بکات. ئەم جۆرە ڕووداوانە، وەکو سووتاندنی کتێب، بوونیان لە واقیعدا هەیە، ڕۆماننووس دوور لەکۆپی کردنی واقیع، وێنەیەکی هونەری خەیاڵی فانتازیای لێدروست کردووە، هەڵوێستێکی فیکری و پەیامێکی کۆمەڵایەتی بە شێوازو زمانێکی ئەدەبی خستۆتەڕوو. ((**چونکە جیهانبینی لە ئەدەبدا تەنیا هەڵوێستی فیکری ڕووت نییە ، شێواز و جۆری دەربڕینە لە قاڵبێکی هونەری بەرزدا، بە زمانێکی بەرزی ئەدەبی نووسرابێت، جیهانبینی لە ڕۆماندا جیهانێکی خەیاڵییە، بونیادێکی فیکری ڕەوشتی پەیامداری هەیە، واتا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆدایە ...**))( محمد كامل خطيب، 1990 : 38 ) .

مەلا (کەوسەری باغەوان) کارەکتەرێکی تری ڕۆمانەکەیەو ڕۆڵی ڕابەرایەتی قوتابخانەی تۆبەکارانی پێسپێرراوە . ئەمیش وەکو هاوەڵەکانی دوژمنی سەرسەختی ئەویندارانەو خۆی بەڕاسپاردەی خودا دەزانێت لەسەر زەوی بۆ پاککردنەوەی مرۆڤەکان، هەروەکو خۆی دەڵێت : ((**من فەرمانتان پێدەدەم ئیشی ئێمە ئاسمان پاك بکەینەوە، زەوی بگۆڕین، لە کانی ئەم ئاوە حەرامانە نەخۆینەوە، ڕۆح چاك بکەین، لەش دەستەمۆ بکەینەوە..**))(ل: 158). ڕۆماننووس پێیوایە ئەرکی ئەم قوتابخانەیە دژایەتیکردنی ئەوینە . لە ڕێگەی کارەکتەرەکانیەوە تێڕوانینی ئایینی بۆ ئەوین خستۆتەڕوو، کە لە ڕوانگەی ئیسلامییەکانی ڕۆمانەکەوە ئایین دژی هەموو نوێگەرییەو ئەوین بەئارەزوو دەزانیت و خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان بە تاوان دادەنێت، (( **دنیا یانی شەهوەت، ئەم قوتابخانە نەگریسانەی ئەمڕۆ یانی شەهوەت، مەحەبەتی بەشەر بۆ بەشەرو، لەیاد کردنی خوا یانی شەهوەت** )) ( ل: 121) . هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا ڕۆماننووس ئەو توندڕەوانە وا دەبینێت کە دژی پێشکەوتن و زانست و مەعریفەن، بە تایبەتی دژی خوێندنی ئافرەتن. ئەوان قوتابخانە بە هۆکاری لادانی ئافرەت دادەنێن، لەسەر زاری خەندانەوە دەربارەی بیروباوەڕێ پووری و ئافرەتە موسوڵمانەکان و هەڵوێستیان دەربارەی قوتابخانە و زانست دەڵێت: (( **هەر لەو وەرزەشدا پورم وەکو دەسەڵاتدارێکی گەورە لە لەشکری خاتوونە ئیماندار و خواناسەکاندا دەرکەوت، لەو وەرزەدا زۆر کچ وازیان لە خوێندن هێنا و چیدی نەگەڕانەوە بۆ قوتابخانە، کە بە قوتابخانەی کوفرو نەزانینیان ناودەبرد، لەچکیان دەبەست و دەیانگوت : (( دەبێت لە دژی بێئابڕوویی و پیسی و ڕوو زەردییەکانی ئینسان جیهاد بکەین**))(ل: 99). لەدیدی ڕۆماننووسەوە ئەو ئافرەتە موسوڵمانانە بوونەتە سەرچاوەی توندوتیژی لە شارەکەدا، ڕەشبینانە و دوور لە بەها مرۆییەکان هەڵسوکەوتی دڕندانە دەکەن، هەروەکو لە زاری خەندانەوە دەڵێت :(( **بەیانییەك ئەو ژنانە بە خۆیان و لەچکە سپییەکانیانەوە هاتنە قوتابخانە و کچێکیان لەپۆل دەرهێنا و بەقژ بە شەقامەکاندا ڕایانکێشا، ساڵۆنێکی چکۆلانەی قژبڕینیان لە بەرامبەرمان سووتاند، کوڕێکی بەرگدروویان کوشت کە کچێکی حیجاب بەسەری فریودابوو**))(ل:99) .

بەختیار عەلی خۆی لەنێو زۆربەی زۆری ئەو واقیعە تاڵانەدا ژیاوە، هەربۆیە جیهانبینییەکەی ڕەسەن و هەڵقوڵاوی بارودۆخ و ژینگەی تایبەتی نووسەر و کۆمەڵگاکەیەتی (ڕەسوڵ حەمەد ڕەسول،2013 : 39 ). هەروەکو چۆن باس لە واقیعێکی تری شارەکانی کوردستانی ئەو ساڵانەمان بۆ دەکات کە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە شەقام و قەیسەری و بازاڕەکاندا تێزابییان دەکرد بە

جەستەی ئەو ئافرەتانەی سفوور بوون، **((... پیاوانی سەیر سەیر بە خۆیان و شوشە تێزابەکانیانەوە لە دەوروبەری قوتابخانەکان دەبینران))**(ل: 99) . لە لایەکی تریشەوە وێنای کاری قیزەوەند و نامرۆیی ئەو گروپانە دەکات، لە پێشێلکاری مافی تاکەکان و ئازاردان و کوشتنی خەڵکی بەناوی ئاینی ئیسلامەوە، (( **بەیانییەك بە ئاگاهاتینەوە بۆ یەکەمجار سەری دوو عاشقمان بینی وەکو دوو زەنگی خوێناوی بەملاولای دوو فولکەی گەورەدا لە ناوەڕاستی شاردا هەڵواسرابوون** ))(ل:98) .
ڕۆماننووس جیهانێکی شێوە ( دیستۆپیا -Dystopia) - ) ی وێنا کردووە ، وێنای کۆمەڵگایەکی پڕ لە خراپەکاری و شەڕانگێزی و تۆقاندن، جیهانێکی خاڵی لە جوانی و خێرو چاکە . لە دیدی ڕۆماننووسەوە ئەو شارە کە ئەو گروپانە کۆنترۆڵیان کردووەو پڕبووە لە چیرۆك و بەسەرهاتی تۆقێنەرو نامرۆیی، (( **... چیرۆکی ئەو عاشقانەی بە زیندوێتی کۆیاندەکەنەوە و دەیانسووتێنن، چیرۆکی ئەو کچانەی لەبەردەم سەرچاوەی ڕووبارەکاندا سەریاندەبڕن، چیرۆکی ئەو سێدارانەی لە کێڵگەکانی دەوروبەری شار و شارۆچکە دوورەکاندا بۆ خەڵکی هەڵدەخەن، سەربووردەی ئەو خێزانانەی بە گوناهی جۆراوجۆر بە تەور پارچەپارچە دەکرێن ... ڕۆژێك کچێکیان لەبەردەم قوتابخانەکەماندا کوشت، شەوێکیان دراوسێیەکمانیان بە درەختێکدا لە نزیك مەیدانی جەڵەبچییەکانەوە هەڵواسی ... پیاوانێکی سەیر بە خۆیان و پرچی درێژەوە لەسەر شەقامەکان دەرکەوتن، بەردەمی مزگەوتەکان پڕبوو لە هەزارەها پیاو کە لەسەردەمی خەلیفە کۆنەکانەوە نەبینرابوون** ))(ل:98- 99). بەلای گۆلدمانەوە(( **جیهانبینی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە پێویستە پێشتر بوونی هەبێت تاوەکو نووسەر بتوانێت بیگۆێزێتەوە بۆ ناو چوارچێوەی کارەکەی** )) ( لوسیان غولدمان، 1990: 156 ).

لە دیدی ڕۆماننووسەوە ئەو گروپە ئیسلامییە دوور لە شەریعەتی ئاینی ئیسلام، خۆیان شەریعەت دادەهێنن و بەسەر خەڵکیدا دەیسەپێنن، هەروەکو لەو ئاپۆڕا جەماوەرییەدا کە کۆبوونەتەوە بۆ گوولەبارانکردنی پەروانە و میدیای هاوڕێ، مامۆستایەکی ئاینی سەر بەو گروپانە داوا لە خەڵکەکە دەکات کە دەبێت گوولەبارانەکە لە لایەن برا و کەسە نزیکەکانی ئەو دوو ئافرەتەوە بێت ،(( **... یەکێك لە مامۆستاکان هاتە پێش و بەچەند فەرمانێك هەمووانی ئاگادارکردەوە کە جگە لە برا و کەسی کیژەکان کەسی دیکە هەقی بەشداری کردنی نییە، هەر ئەو مامۆستایەش بە هێمنی و دوای ئارامبوونەوەیەکی ناوەخت دەستیکردە خوێندنەوەی سوورەتێکی درێژ** ))(ل:274) . هەر لە دیدی ڕۆماننووسەوە لێکەوتەی ئەو بارودۆخە کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی گروپە ئیسلامییەکان کە ڕێگربوون لە ئازادی و زانست و مەعریفە و پێشکەوتن، ئەوە بوو کۆمەڵێك دیاردەی دواکەوتوویی و نەفامی و قوڵبڕین و فریودان وەك پەتا لەناو کۆمەڵگادا بڵاوبووەوە، **((... پەتای سەیرسەیریش بڵاوبووەوە ... ، لەو وەرزەدا هەزارەها دەسگرەوەو فاڵچی هەموو شەقام و کوچەکانی شاریان پڕکردبوو ، لە دەوروبەری شار پیاوێك دەرکەوت کە دەیگووت (( من محەممەدی مەهدیم )) پێغەمبەرێکی تر سەریهەڵدا کە ئایەتەکانی بەزمانی تێکشکاوی عەرەبی و کوردی بۆ دەهاتە خوارێ))**(ل:99) .

ڕۆمانووس لەم ڕۆمانەدا جیهانێکی فانتازیا بۆ عاشقە بێچارەکانی دەخوڵقێنێ ، تا لەو جیهانەدا بە ئازادی بژین و لە زوڵم و ستەمی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و یاساو ڕێساکانی گروپە ئیسلامییەکان ڕزگاریان بکات . لەژێر دەسەڵاتی ئەوانە ڕزگاربن، کۆچ بکەن بۆ ئەو جیهانە نوێیە، (( **لەو وەرزەدا کۆڕەوی عاشقەکان و کۆچی پیاوە تەنهاکانیش دەستیپێکرد. کە پیاوە ئاینییەکان، تۆبەکارەکان، ئەو کۆچەیان دەبینی، لە تووڕەییدا شەڕیان بە درەخت و ئاسمان و کوچەکان دەفرۆشت. لەو وەرزەدا ئەو پیاوانەی کە تا دوێنێ بە هێمنی لەسەر بەرماڵەکانیان نوێژیان دەکرد خەبەریانبووەوەو تەماشایانکرد پیاوانێکی دیکە دەستکاری جیهان دەکەن ، ... ، سەیری ئاڵوگۆڕە پڕ لە باق و بریقەکانی دونیایان دەکرد و بێدەنگ بوون ،پێنەدەچوو ڕۆژگارێکی وەها خوێناوی بەڕێگاوە بێت** ))(ل:97 – 98). لە دیدی ڕۆمانووسەوە گروپە ئیسلامییەکان دەیانەوێت نەخشەی جیهان بگۆڕن، جیهانێك دروست بکەن لە چوارچێوەی خەون و ئارەزوو و بەرژەوەندی ئەوان و لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بێت، هەربۆیە کۆچی بەلێشاوی خەڵکی و قوتاربوونیان، لەباربردنی خەونەکانی ئەوانە بە کارەسات و ڕۆژگاری خوێناوی لەقەڵەم دەدەن؛ وای دەبینن کە جڵەو لەدەستدەدەن و دەسەڵات دەکەوێتە دەست کەسانێک کە پێچەوانەی بیروبۆچوون و ئایدیای ئەوان . هاوکات وایدەبینێت کە ئەو گۆڕانکارییە ڕزگاربوونی خەڵکییە لە تاریکی و زوڵمەت و ڕووکردنە ڕووناکی و چێژو خۆشییە . بەختیار عەلی لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە واقیعەکە شیدەکاتەوە، ڕەخنە لە دیاردە دزێوەکان دەگرێت و پاڵپشتی لە بەها جوانەکان دەکات و خوازیاری ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە خزمەت مرۆڤایەتی و کۆمەڵگادان. چونکە ((**جیهانبینی شیکردنەوەی واقیعە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و هەڵسەنگاندنی بەها جوانەکانە، لە پێناوی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا و وەلانادانی بەها نامۆ و ناڕێکەکان** ))( السید یسین، 1991 : 220 ) .گروپە ئیسلامییەکانی نێو ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە، عەشق و ئەویندارى بەکاری شەیتانی دەزانن. بەختیار عەلی بە

پێچەوانەی ئەوانەوە دەڕوانێتە عەشق، بە پیرۆزییەوە باسی دەکات، پلەو پایەیەکی بەرزی دەداتێ . هەروەکو لە زاری گۆڤەندەوە دەڵێت: (( **ئایەتی ئەڤینی بۆ هاتۆتەخوار، خەڵکان دەبێت چیتر نوێژی عەشق بکەن، دەبێت فەرزەکانی خۆشەویستی جێبەجێبکەن**))(ل: 85- 86). هەربۆیە جیهانێکی تایبەت بۆ عاشقانی ڕۆمانەکەی دەخولقێنێ، ئەو پێی وایە ئەو کەسانە شایان بەوەن لەسەر زەویەکی ئازاد بە ئازادی بژین . ئەوان وەك گوڵن و پێویستیان بە باخچە هەیە، (( **هەموو ئەو عاشقانەی جێگایەکیان نییە، کە زوڵمی خێزان و قەبیلە و شەیتان لە یەکدی جیاکردونەتەوە، دەبێت باخچەیەکی ئازادیان هەبێت ... عەشق دەبێت زەوی خۆی هەبێت** ))(ل:86-87) .

(مەلا کەوسەری باغەوان ) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە، کە سەرۆکاری کاروباری تۆبەکارانی پێسپێراوە. حیکایەتخوان بەم شێوەیە باسی ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەکات و دەڵێت: (( **ئەو هەموو شەوێ خەونی بەو دەریا گەورەیەی مرۆڤەوە دەبینی کە ئاڵا سەوزەکانیان، شمشێرەکانیان، دەفەکانیان هەموو هاوکات و هاوئاهەنگ شەپۆلێکی گەورە دروستدەکەن و بە زەویدا دەکشێن،...، ئەو لەو وەرزانەی دواییدا، ئاگاداری زۆر کردە و تۆڵەی خواناسانە بوو، پەیوەندی بە زۆر لەو گەنجانەوە هەبوو کە دەیانویست بە دەمی شمشێرەکانیان ئەخلاق ڕاسبکەنەوە**))(ل:199). بەختیار عەلی پێمان دەڵێت کە ئەم گروپە ئیسلامیانە خواستیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە، کە بە زەبری چەك و توندیوتیژی و خوێنڕێژی و بەناوی چاکسازییەوە بناغەی ئەو دەوڵەتە دامەزرێنن . مەلا کەوسەری باغەوان ئیمانی بە ئەوین و ئەویندارى نییە، جگە لە ئەوینی خوایی، دژی هەموو ئەوینێکە. مۆڵگەی ئەویندارن بە مۆڵگەی شەیتان لەقەڵەم دەدات، هەروەکو خەندان دەڵێت: ((**ئەو عەشقستانی بە شایتانستان ناودەبات**))(ل:233). هەر لەو ڕوانگەیەوە لەشکرێك لە گەنجانی موسوڵمان دروست دەکات و هانیاندەدات هێرش بکەنەسەر ئەویندارانی(عەشقستان)، هێرشەکەش بە جیهاد و((**ڕاوکردنی شەیتانەکان**))(ل:203) ناودەبات و دەڵێت: ((**دەبێت لەمرۆوە جیهادێکی گەورە بۆ ڕاوکردنی ئەو جانەوەرە تاریکە ڕابگەیەنین جیهاد بۆ ڕاوکردنی شەیتان**))(ل202) . پاش ئەمانەی خرانەڕوو دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە بەختیار عەلی بە ڕوانین و زمانێکی نوێوە هاتۆتە نێو جیهانی ڕۆمان و دژی چەقبەستووی کەلتوور و دەرنەچوونی کورد لە دۆگمای کەلەپووری و دینی و دابونەریتی کۆن. بە دەرخستن و نواندنی هەڵوێستی لەمەڕ دین و ڕۆشنبیری و کلتووری ئاینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی

**3.4 تێڕوانین بۆ پرسی ئافرەت لە ئێوارەی پەروانەدا**

ئافرەت کۆلەکەیەکی گرنگی کۆمەلگایە، کێشەو گرفتەکانیشی بەشێکی گرنگ و هەستیارن لەنێو کێشەوگرفتەکانی تری کۆمەڵگادا . لە دونیای سەردەمدا باسێکە لەباسە گەرمەکان. لە نێو جیهانی ئەدەبیشدا پرسی ئافرەت یەکێکە لە بابەتە زیندوو و هەستیارەکان، کەم تا زۆر ئەدیبان لە ڕوانگەی خۆیانەوە تاوتوێی کەسایەتی و پێگەی ئافرەت و کیشەو گرفتەکانیان کردووە . دیسانەوە ڕۆمان بە هۆی مەودا فراوانەکەیەوە پتر لە ژانرەکانی تر توانیویەتی پرسی ئافرەت تاوتوێ بکات . وردتر و قوڵتر ڕۆچێتە نێو کێشە و گرفتەکانی ئافرەتانەوەو دەست لەسەر برین و ئازارەکانیان دابنێ، هەر ڕۆمانووسێکیش بە پێی پێشینە و باگڕاوندی خۆی جیهانبینی خۆی لەو بارەیەوە دەرخستووە .توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕەگوڕیشەیەکی دێرینی هەیە لە نێو زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکاندا، لە کۆمەڵگای ئێمەشدا بۆتە دیاردەیەکی بڵاوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاددەکات. لە ئێوارەی پەروانەدا وێنەی ئەم دیاردەیە نیشاندراوە . توندوتیژی جەستەی و توندوتیژی دەروونی، هەروەکو چۆن لە واقیعدا تەنها ئافرەت باجی هەموو هەڵە و هەڵدێرەکان دەدات، کە لەڕاستیدا پیاویش بەشێکە لەئەنجامدەری ئەو کارانە، کەچی لە ڕوانگەی کۆمەڵگاو کلتوورو نەریتی کۆمەلایەتییەوە تەنیا ئافرەت بەرپرسە و هەر ئەویش ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە . بەختیار عەلیش جیهانبینی کۆمەڵگای سەبارەت بەم دیاردەیە گواستۆتەوە نێو دەقەکەی . لە نێو ئەو جیهانبینییەشدا جیهانبینی خۆی دەبینرێت کە ئەویش هەڵوێستی نەرێنی و نامرۆیی و نایەکسانی کۆمەڵگایە دژ بە ئافرەت . لەم ڕۆمانەدا ئەم کێشەیە بە زەقی لەچەند شوێنێدا دەبینریت. ئەوانەی لە ئێوارەی پەروانەدا باجی ئەویندارى دەدەن و سزا دەدرێن تەنیا ئافرەتەکانە، خەندان کاتێك باسی ئەویندارانی هەڵهاتوو دەکات دەڵێت: ((... **هەندێکیان بە پشکۆی خزمەکانیان و هەندێکیشیان بە تێزابی کینەی کەسوکار سووتێنرابوون، بەڵام دڵداره گوندنشینەکان، پتر لە داخی تۆڵە و کینە و نەفرەتی تایەفەکانیان هەڵهاتبوون، هەندێکیان ڕقی هەزار ساڵ دوژمنایەتی خێزانە کێونشینەکانیان بەدواوە بوو، هەندێکیشیان خەنجەری پورزا و ئامۆزاکانیان**))(ل:130) .

خەندانی چکۆلە لەدوای هەڵهاتنی پەروانەی خوشکی، باجی ڕەدووکەوتنی خوشکەکەی دەدات، ڕووبەڕووی توندیتیژی دەبێتەوە. توندوتیژی جەستەیی و دەروونی. وەك خۆی دەڵێت : (( **براکانم منیان بە قژ کێشکردە ژێرزەمینەکەوە، بە پلەکاندا ڕایانکێشام و وەك شێت کەوتنە لێدان و وێرانکردنم. ساڵانێکی درێژ خوێنی ئەو ئێوارەیەی من بە دیوارەکانی ژێرزەمینەکەوە بوو، خوێنی ئەو دەستە ماندووانەم، کە ویستبووم خۆم بە دیوارەکانەوە بگرمەوە، خوێنی ئەو ددانە**

**زامدارانەم کە بە قوڵپ دەڕژایە نابەینی سندووقەکان و ... ئێستاش هەرکاتێك دەچمە ئەو ژێرزەمینەوە گوێم لە قریشکەکانی خۆمە.. ))**(ل:27) .لە دیدی ڕۆماننووسەوە بەشێك لە توندیتیژییەکانی دژ بە ئافرەتان جگە لە خێزانەکانیان، لە لایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە ئەنجام دەدریت، ئەوەتا پووری پەروانە لە ماڵەکەی خۆیدا داڵدەی ئەو پیاوانە دەدات کە ژن و کچی خۆیان کوشتووە، بەناوی پارێزگاری کردن لە شەرەف، (( **لەو شەوە درێژانەدا من تارمایی ئەو پیاوانەم بینی کە پوورم لە ژوورە ترسناکەکەی پشتەوە دەیشاردنەوە ... من لە چرپەچرپی پوورم و ئەو ژنانە وا تێگەیشتم کە ئەو پیاوە ژنەکەی خۆی سەربڕیوە و لە ترسی تۆڵە پێویستی بە حەشارگەیەك هەیە ...هەندێکیان ژنەکانی خۆیان کوشتبوو، هەندێکیان خوشکەکانی خۆیان سەربڕیبوو، کەسانێك تێزابیان کردبوو بە کچانی قوتابخانەدا، یاخود فتوای مەلاکانیان لە کوشتنی زەندیقێك یان زیناکەرێکدا جێبەجێکردبوو** )) (ل:48 ) . ڕۆماننووس هەوڵی داوە پەردە لە ڕووی هەموو ئەو کارە دزێوو گەندەڵییانە هەڵداتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕۆمان (( **ڕۆمان لە توانایدایە پەردە لە ڕووی گشت کارە ناڕەوا و دزێوەکانی مرۆڤ هەڵداتەوە**)). (عبدالرحمن منیف، 1991 : 40 ) .

لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا ڕەخنە لە هەندێ دابونەریت و کلتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی گیراوە، کە بوونەتە کێشەوگرفت بۆ ئافرەتان و زوڵم ستەم لێیان و پێشێلکردنی مافیان و سەرکووت کرنیان . یەکێ لەو کێشانە پرسی هەڵگیرانە - ڕەدووکەوتن – ئەم کارە لێکەوتەی زوڵم و ستەمی خێزانە لە ئافرەت . ئاکامەکەشی ئابڕووچوونێکی گەورەی هەتاهەتاییە بۆ خێزان و بنەماڵە . بۆ خۆڕزگار کردن لە شەرمەزاری وئابڕووچوون، هەندێجار بە کوشتنی ئافرەتەکە کۆتایی بەو پرسە هێنراوە ، یان بەسەرهەڵگرتنی خێزانی ئافرەتە ڕەدوکەوتووەکە و خۆ بزرکردنیان لە خەڵکی کۆتایی هاتووە . دوای ئەوەی پەروانە ڕەدوو دەکەوێ، لەگەل نەسرەدینی بۆنخۆش هەڵدێن، ڕۆماننووس وێنەیەکی واقیعییانەی ئەو ساتە دەکات کە باوك و براکانی بەو کارەساتەیان زانیوە، کە تووشی حاڵەتێکی هیستیری بوون، هەروەك خەندان وەسفیان دەکات و دەڵێت: (( **باوك دەگریا ... لەو نێوەدا دەسووڕایەوە بەسەری خۆیدا دەکێشا و دەگریا ، هەندێ جار ئەو سوڕخواردنە سەیرەی ئەو، ئەو سەرکوتانەی بە دیوارەکاندا براکانمی گێژدەکرد و ئەوانیش دەکەوتنە شەقهەڵدان لە کورسی و مێزەکان، دەکەوتنە بۆکسدان لە دیوارەکان ، بە لام ئەو بە هیچ ئارام نەدەبووەوە . ئەو کینە و نائارامی و نا ڕۆحی خۆی بەسەر خۆیدا خاڵیدەکردەوە** ))(ل:27) . لە پاڵ ئەم ڕەخنەیەشدا پلارێکی تر دەگرێت لەوانەی لەبری داکۆی کردن لەمافی ڕەواو بەها پیرۆزەکان ، بەها جوانەکان لەناو دەبەن، (( **براکانم بینی کە بوخچەکانیان کردەوە و ئەو خەنجەرانەیان دەرهێنا کە لە مێژبوو لە نێو جلەکاندا خەوتبوون . بینینی خەنجەرەکان بەس بوو بۆ ئەوەی تێبگەم دەیانەوێت پەروانە بکوژن** )) (ل:32. ڕۆمان دەروازەیەکی تایبەت و گرنگە بۆ چوونە ناو جیهان و هەوڵی بەردەوامە بۆ گۆڕینی دید و تێڕوانینە چەقبەستووەکان . پرسی ڕەدووکەوتن کە یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی، لە ئێوارەی پەروانەدا بەختیار عەلی بە شێوەیەك خستوویەتیەڕوو دوور لە دیدو بۆچوونی خۆی، بەڵکو لە دیدوبۆچوونی فیکری خەڵکانی ترەوە، بەمەش واتا و مەبەستێکی گەورە تری لەخۆ گرتووە؛ چونکە جیهانبینی (( **تێڕوانینی ناجێگیری تاکە کەس نییە ، کە هەردەم قابیلی گۆڕان بێت، بەڵکو دید و بۆچوونی فیکری کۆمەڵێك کەسە، کە لەژێر سایەی بارودۆخێکی هاوشێوەدان ، نووسەر تەنها ئەرکی دەربڕینی ئەو حاڵەتانەیە بە شێوەیەك واتا و مەبەستی گەورە لەخۆ بگرێت** )) ( جان ایف تادیة، 1993 : 239 ) . لەو ئێوارەیەدا کە پەروانە و میدیا دەبەن بۆ گوولەبارانکردن، هەروەکو دابونەریتی کوردەواری – دەبێت براو باوك و خزمەکانیان ئەو کارە ئەنجام بدەن، تا دواتر بتوانن لەناو خەڵکیدا سەربەرز بکەنەوە، هەروەکو خەندان دەڵێت: (( **گروپی تیربارانەکە براکانی من و فەتانە و هەندێ دوورە خزمی دیکەی هەردوو خێزانەکەمان بوون** )) (ل:274). لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆماننووس لە میانەی کارەکەیدا لە گۆشەنیگای خۆیەوە جیهان دەخوێنێتەوە و دیسانەوە هەوڵی بونیادنانەوەی دەنێت، بەڵام تێڕوانینەکانی لە تێڕوانینی کۆمەڵگاکەیەوە بەدەر نییە، جا چ هاوڕابێت یان بە پێچەوانەیەوە، چونکە ڕۆماننووس تاکێکە لە کۆمەڵگاکەی، هەڵگری ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەیە کە باوەڕی پێیەتی و هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی ئەوانەش کە دژیەتی و باوەڕی پێی نییە، بە پێی ئەزموون و تێگەیشتنی خۆی جیهانبینی خۆی لە قاڵبێکی هونەریدا دەیخاتەڕوو، (( **ڕۆماننووسین کارێکی تاکە کەسییە، جۆرە کۆششێکە لە پیناو ڕێکخستنی ئەزموون و دیدی تایبەتی نووسەر بۆ ژیان، لە فۆرمێکی گونجا و پەسەنددا**)) ( کۆمەڵێك نووسەر، 2008 : 87) . ئەوەتا ڕۆماننووس لە وێنەیەکی فانتازیدا ڕەخنە لە هەڵوێستی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت، بەرامبەر بەو ئافرەتانەی کە لەژێر فشاردا لادەدەن لەو کلتوور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییە سەپاوەی کۆمەڵگاکەیان، ڕەخنە لەو دابونەریتە باووبڵاوانە دەگرێت کە تایبەتن بە بەستنەوەی شەرەف و ئابرووی خێزان و بنەماڵە بە مێینەکانیانەوە، کە ئەویش کرپنەوەی شەرەفە بە کوشتنی ئەوینداران و ڕەدووکەوتووان . ((... باوکان و براکانم بە خەنجەرەکانیانەوە

وەستابوون، ژنە دەفبەدەستەکان بەو دەفە گەورانەوە چاوەڕوانیان دەکرد، ئەو شارەش بە هاوار و دەنگە دەنگ و لەعنەتەکانیانەوە دەیڕوانی … خەڵکی دەرگایان دەکردەوە و سەیری ئێمەیان دەکرد، سەیری ئەو خێزانەیان دەکرد کە لە پشتی ئەو کاژاوەی تۆڵەوە بۆ کرینەوەی شەرەفی خۆی دەگەڕا ))(ل:32). ڕۆماننووس جگە لە خستنەڕووی ڕووی ڕاستەقینەی کێشە کۆمەڵایەتییەکە، پەردە لە ڕووی کردەوە دزێوو ناشرینەکانی مرۆڤەکانیش لادەدات، لەگەڵ دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو هۆکارانەی کە لە پشتی ڕووداوەکانەوەن . شەرع و هەڵوێستی کۆمەڵگاو خەڵکی حوکمی تاك و خێزانەکان دەکات، بەرە و هەڵە و هەڵدێریان دەبات، (( براکانم … لە شەوی دوای هەڵهاتنی پەروانەوە تووشی شەرمەزارییەك بووبوون، چیتر نەیاندەتوانی سەربەرزکەنەوە .. دەیانویست بڕۆن و بە ئازادی بژین ))(ل:116). ڕۆماننووس زیاتر تیشك دەخاتەسەر ئەم کێشە کۆمەڵایەتییەو دەیەوێت قەبارەی ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەربخات، کە تا چ ڕادەیەك ئابڕووی خێزان بەستراوەتەوە بە مێینەکانیانەوە، ئەوەتا پوری پەروانە پێشنیاز بۆ براکەی دەکات، کە بە خێرایی خەندان بدات بە شوو، تا ئەویش وەك خوشکەکەی مۆری ئابڕووچوونێکی تر نەنێت بە تەوێڵیانەوە، (( بیر لە چارەنووسی کچەکەت بکەرەوە، وا تەمەنی لە چواردە ساڵ بەرەوژووورە ، کە ئەویش ڕەدووی پیاوێك کەوت، ئەوکات چۆن سەربەرز دەکەیتەوە، سەری لوتی خۆت بەرەو چ مەملەکەتێك ڕەشدەکەیت، لە ڕۆژی حەشرا چی وەڵامی خودا دەدەیتەوە؟ ))(ل: 116) .

لە کلتووری کۆمەڵگای کوردیماندا وا باووبڵاوبووە بە ئافرەتیان وتووە : ( زەعیفە)، واتا لاواز لە کەسایەتی، لەم ڕۆمانەدا ڕۆمانووس ئەم کلتوورە کۆنەی لەسەرزاری کارەکتەرە ئیسلامییەکانەوە زیندو کردۆتەوەو لە سێ شوێنی ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناوە، ((…زەعیفە))(ل: 124,198, 245)، ئەمەش جیهانبینی ڕۆمانووسە بەرامبەر عەقڵییەتی کۆنەپەرستیی ئەو گروپانە .

بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا هەوڵیداوە دەست لەسەر ڕاستییەکان دابنێ، لە ڕێگەی نیشاندانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەوەی لە دەوروبەری دەگوزەرێ، بەم شێوەیەش جیهانبینی خۆی خستۆتەڕوو، چونکە (( ڕۆمان واتە هەوڵی بەردەوام بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، لە چوارچێوەی کایەی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی کۆمەڵ …))(کۆمەڵێك نووسەر، 2008 : 109). دیاردەی خۆسووتانی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەگوڕیشەی دێرینی هەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زوڵم و ستەمی خێزان و کۆمەڵگا لەسەر ئافرەتان و لاوازی و بێئیرادەیی خودی ئافرەتیش خۆی، کە دیسانەوە لێکەوتەی پەروەردەی نادروست و دابونەریتی کۆنەپەرستی چەقبەستووە . لەم ڕۆمانەدا ئەم دیاردەیەش خراوەتەڕوو، (لەیلا) کارەکتەرێکی تری ڕۆمانەکەیە و یەکێکە لە ئافرەتە دەستبەسەرەکانی قوتابخانەی تۆبەکاران. لەژێر پاڵەپەستۆی دەروونی خۆی دەسووتێنێت، لەسەر زاری خەندانەوە دەربارەی ئەو دیاردەیە دەڵێت: (( خۆ سووتاندنی لەیلا … بۆ ئەو نەخۆشیە کوشندەیەی لە وڵاتدا بڵاوبۆتەوە، نەخۆشی خۆسووتانی کچان و ئافرەتان … وەکو ئارەزوویەکی نهێنی و مەیلێکی قووڵ بەرەو مردن لە هەمووماندا دەرکەوتووە ))(ل:230).

ڕۆمانووس جوانی ئافرەت وەك بەشێك لە جوانی سروشت و گەردوون دەبینێت،(( جوانی ئافرەت، جوانی ویساڵە لەگەڵ گەردوندا، جوانی ئامادەگی هەموو سیحری سروشتە لە ناوەڕاستی ژیاندا)) (ل:168). هەر لێرەوە ئاماژە بە زەوقی گۆرانی شاعیر دەکات کە گیانی گشت نهێنییەکانی گەردوونی لە ئافرەتدا دیوە، واتا ئافرەت گیانی زیندووی گشت جوانییەکانی بوونە،(( گۆران نەبزی هەموو نهێنییەکانی ئەم گەردونەی لە ئافرەتدا بینیوە))(ل:168). بەختیار عەلی تەنیا لە ڕوانگەی جوانی جەستەوە سەیری ئافرەت ناکات، بەڵکو وەکو بوونەوەرێکی زیندوو سەیری دەکات، کە خۆی بەرخودانی خۆیەتی، خاوەنی کەسیەتی خۆیەتی، (( ئافرەت مەخلوقێکی زیندووە ناتوانین یاری پێبکەین، فەنتازی لەسەر بکەین… ئافرەت چەندە مەخلوقێکی فەنتازی بێت، ناتوانین فەنتازی لەسەر بکەین، چونکە ئەو لە دەرەوەی ئێمە ژیانی خۆی دەژی، دواجاریش ئێمە چەندە ئافرەت بکەینە نمونەی باڵای خۆمان، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە ئافرەت خۆی ژیانێك و ئارەزوویەك و خەونێکی دیکەی هەیە کە دەشێت دژی هەموو فەنتازییەکان بێت )) (ل:168).

### 4.4 تێڕوانین بۆ بارودۆخی سیاسی و لێکەوتەکانی

هەروەکو ئاشکرایە بارودۆخی سیاسی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵگا، هەر بارودۆخێکی ناهەموار جێکەوتەی لەسەر کۆمەڵگا دەردەکەوێت. دیارە ئەدەبیش زادە و ئاوێنەی ڕۆژگار و سەردەمەکەیەتی. ئەوەی لەو ڕۆژگارو سەردەمە دەگوزەرێ لە ئەدەبدا بەرجەستە دەبێت . بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە ناهەموارو پڕ لە ناسۆرو زوڵم و ستەم و تراژیدیاو جینۆسایدەی کە بەدرێژایی مێژوو بەرۆکی کوردی بەرنەداوە، لێکەوتەکانی ئەم بارودۆخە کەرەستەیەکی زۆری خستۆتە بەردەم ئەدیبان، لە لایەکی تریشەوە ئەدیبانی کورد وەك توێژێکی ڕۆشنبیر جیهانبینی خۆیان دەربارەی ئەو دۆخانە دەربڕیوە . ڕۆمانیش پتر لە ژانرەکانی تر ئەو بوارەی بۆ ڕۆمانووسان ڕەخساندووە کە سوود لە ڕووداوی واقیعی سیاسی نیشتیمان و نەتەوەکەیان وەرگرن و بیکەنە

کەرەستەی بەرهەمیان، بەپێی تێروانین و جیهانبینی خۆیان بە وردی و بە قوڵی بچنە نێو کێشەو گرفتە سیاسییەکان و هۆکارو مەترسی و زیان و چارەسەریشیان بۆ بدۆزنەوەو لە قاڵبێکی هونەریدا بیانخەنەڕوو . لە چنینی ڕووداوەکانی ڕۆمانی ئیوارەی پەروانەدا، زەمەن گرێدەری ڕووداوە سەرەکییەکەیە بە ڕووداوە لاوەکییەکانەوە . واتا چیرۆکی کۆچی عاشقە ناکامەکان و هەڵاتنیان بۆ جیهانە فانتازیاکەی عیشقستان کە ڕووداوە سەرەکییەکەیە، هاوکاتە لەگەڵ چیرۆکی ناهامەتییەکانی میللەتی کوردو ئەو بارودۆخە سیاسییەی کاتی جەنگی کەنداو، شکستی لەشکری عێراق و تۆڵەی ڕژێم لە گەلی کوردو شارەکانی باشووری وڵات کە ئەویش یەکێکە لە ڕووداوە لاوەکییەکان . لەو قۆناغە مێژووییەدا دیاردەی هەڵاتنی بە لێشاو بۆ هەندەران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاد بووندا بوو . بەختیار عەلی وێنای هونەری واقیعی ئەو ڕۆژگارەی کردووە و تێکەڵ ڕووداوەکانی جیهانە فانتازییەکەی کردووە . کۆچی عاشقان بۆ جیهانە نوێیەکەیان هاوکاتە لەگەڵ کۆچی خەڵکی کوردستان بۆ هەندەران و بەجێهێشتنی زێدی باوباپیرانیان، ئەمەش واقیعێکی تاڵی کوردستانە لەم چەند ساڵەی دوایدا . (( **... ژیان لە شاردا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شێوەیەکی ترسناکتری وەردەگرت، شەپۆلی ئەو پیاو و ژنانەی وڵاتیان جێدەهێشت، تا دەهات گەورەتردەبوو، خەڵکانێکی زۆر ماڵەکانیان لەسەر شۆستەکان هەراج دەکرد، خەڵکانێك یادگاری پشتە دوورەکانیان دەبردە مەزاتخانەکان و دەیانفرۆشت، بە هەزارەها لەبەردەم زەڕەگەرەکاندا سەرەیاندەگرت و زێڕ و سامانی خۆیان بەتاڵاندەدا، بێوەژنەکان گەردانەکانی ملیان، کچانیش کچێتی خۆیان دەدایە قاچاغچییەکانی تا لە سنوورەکان بیانپەڕێننەوە. شار بووبووە هەڕاجخانەیەکی گەورە ...من لە باڵەکۆنەکەدا دادەنیشتم و سەیری ئەو هەزاران چرپا و سیسەمە گەورە و گرانبەهایانەی خەوتنم دەکرد کە ژنان و پیاوان شەوانی خەوتنی خۆیان لەسەر مەزاددەکرد. سەیری ئەو پیاوانەم دەکرد کە پانکەی بنمیچەکانی خۆیان، شوشەی پەنجەرەکانی خۆیان، سەعاتەکانی دەستیان، جلی ژێرەوەی کچەکانیان هەراج دەکرد**))(ل:115) . گەر سەیری ئەم تیکستەی سەرەوە بکەین دەبینین هەندێ دەربڕینی ناواقیعی تیدایە، وەکو ((**جلی ژێرەوەی کچەکانیان هەراج دەکرد**))، پیدەچێت مەبەستی ڕۆماننووس لەم دەربڕینە ئەوە بێت کە بەجێهێشتنی خاك و زێدی باوباپیران وەك فرۆشتنی شەرەفە بە نرخێکی زۆر هەرزان . ئەم دۆخە خوێناوییەش هاوکات بووە لەگەڵ توندوتیژی گروپە ئیسلامییەکان لە شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا . کە بە ناوی ئایینەوە کۆنترۆڵی هەموو جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگاو دەسەلاتیان کردبوو . لە دیدی ڕۆماننووسەوە ئەو زوڵم و ستەمانە وایکرد کە تەنانەت سروشتیش لەگەڵ مرۆڤەکاندا باجی ئەو نەهامەتییانە بدات، هەروەکو لەسەر زاری خەندانەوە دەڵێت: (( **ناخۆشترین شت لای من مردنی بەلێشاوی باڵندەکان بوو، ئەو باڵندانەی زۆربەی شەو لە پەنجەرەی شکاوی ژوورەکانی قوتابخانەوە دەهاتنە ژوورێ و لەنابەینی مێزەکاندا دەمردن ... هەر لەو وەرزەدا لە ناکاو درەختی باخچەکان سیس بوون ...** ))(ل: 99) . ئەمە تێڕوانینی ڕۆماننووسە کە لە ناو ئەو زوڵم و ستەمەدا باڵندەکان کە ڕەمزی جوانی و پاکین ناژین و لەناو دەچن . لە کوێش دەمردن ؟ لەو شوێنەی مەڵبەندی زانست و مەعریفە و پەروەردەیە . ((**لەنابەینی مێزەکاندا** )) . ئەو شوێنەی گروپە ئیسلامییەکان بە شوێنی شەیتانی لەقەڵەم دەدەن و هەوڵی خاپوورکردن و وێرانکردنی دەدەن . (( **لە پەنجەرەی شکاوی ژوورەکانی قوتابخانەوە** )) . لە نێو ئەم وێنە فانتازیایەدا جیهانبینی ڕۆماننووس دەبینین، چونکە جیهانبینی لە ئەدەبدا جیاوازە لە جیهانبینی لە دەرەوەی جیهانی ئەدەبی، لە نێو ئەدەبدا جیهانبینی تەنها خستنەڕووی ئایدیاو تێڕوانین و فیکرو فەلسەفەی ئەدیب نییە، بە زمانێکی سادە و ڕوون و ئاسان، بەڵکو بەرجەستەکردنی ئەمانەیە لە قاڵبی ئەدەبیدا، هەست و سۆز و خەیاڵی نووسەریشی تێکەڵ دەبێت . ئەمە جگە لە شێوازی دەربڕین و زمانە شیعرییەکەی . ( ابراهیم فتحی،1986: 190) . ئەمە جیهانبینییە لە فۆڕمی ئەدەبیدا، (( **هیچ جۆرە جیهانبینییەك بەبێ بونیادێکی بەهێزی ڕۆمان بوونی نییە، هەروەکو چۆن دەقی هونەری و خاوەن بونیادی بەهێز و پتەو خاڵی نییە لە جیهانبینی توندوتۆڵ** ))( د. سمر روحی الفیصل، 2003 : 203) .

هەر لەم ڕۆمانەدا بەختیار عەلی وێنای بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژگارەی بۆکردوین، کە ناتەباییەکی تەواو هەبوو لەنێو ڕیزەکانی میللەتدا، کێشەی نێوان دیانەتەکان و حیزبەکان، دابەزینی ململانێی حیزبی بۆ ناو خێزانەکان و کێشەی نێوان هۆزەکان و تەنانەت کێشەی نێوان ڕژێمی عێراق و وڵاتانی دراوسێ( ئێران و کوەیت ) (( **لەو ڕۆژگارەدا دیانەتەکان بەیەکەوە نەدەگونجان، میللەتەکان ڕقیان لە یەك بوو، زۆرایەتییەکان کەمایەتییەکانیان قڕاندەکرد، حیزبەکان لە حاڵەتی شەڕێکی بەردەوامدا بوون، ئەم خێڵ لەگەڵ ئەوی تردا لە شەڕی تۆڵەدا دەژیا، دراوسێ دوژمنی دراوسێ بوو، برا لەناو ماڵدا برای دەدایە بەر گولە ... ئاە ڕۆژگارێکی سەیر بوو ...**))(ل:128-129) . ڕۆماننووس بەوە نەوەستاوە تەنیا ئەو کێشە سیاسیانە بخاتەڕوو، بەڵکو ڕەخنەی توندیان لێدەگرێت و لەوەش تێدەپەڕێت و سوکایەتیان پیدەکات و پێیوایە ئەوانەی کە حوکمی ئەم وڵاتە دەکەن کەسانی گەندەڵ و بۆگەنن، توندڕەوە ئیسلامییەکانن، ئەفسەر و پلەدارەکانن، سیاسییەکان و تەنانەت خاوەن نازناوە زانستییە بەرزەکانن . ((

**ئەوانەی کە دژی ئەوەن دیانەت لەگەڵ دیانەتدا بژی، میللەت بە ئازادی لەگەڵ ئەویتردا بژی، خەڵکانی گەنج کەمێ بە ئازادی پێکەوە بژین، هەموو یەك شتن.. یەك گوون ... ئەم وڵاتە هەمیشە ئەو گووانە دەیەن بەڕێوە، ئەو گووانە لە ئاودەستخانەکان دێنە دەرەوە و حوکمدەکەن... حوکمدەکەن و تەواو... خۆیان فڕێدەدەنە سەر کورسییەکانی حوکم و پێوەی دەنووسێن، جبە لەبەردەکەن و دەبنە ئیمام، ئەستێرە دەخەنە سەرشانیان و دەبنە ئەفسەر، چاویلکە لەچاو دەکەن و دەبنە پرۆفیسۆر، لەچك دەبەستن و دەبنە پەچەپۆشی ئیماندار، قات و پاڵتۆ دەپۆشن و دەبنە سیاسی، قونیان ڕووتدەکەن و دەبنە قەحبە، بەڵام هەموویان یەك گوون))**(ل:129) . ڕۆماننووس زۆر نائومێدانە دەڕوانێتە کۆمەڵگای کوردی و وای بۆ دەچێت جگە لە ئەوینداران کەسی تیا نییە باش بێت، (( **لەو چیایانەدا هەموو سەرکردە سیاسییەکانم ناسی، لە پێدەشتەکان، زەنوێرەکان، لە گەرمیان و لە کوێستان، ئاغا کوردەکان و ڕەنجبەرەکانیانم بینی ... تا گەیشتمە ئەو بڕوایەی بڵێم ئەم وڵاتە خاڵییە لە بەشەرێك بتوانیت خۆشتبوێت، ...، تەنها خەڵکانێك لەم وڵاتەدا، لەم بۆشستانەدا شایستەی یادکردنەوە بن عاشقەکان بوون**))(ل:142) . لە ڕوانگەی ڕۆمانووسەوە کۆمەڵگایەك بەو شێوەیە خراپە و خراپەکاری و گەندەڵی تێدا بێت مێژووی نییە و نابێت، هەرشتێکی هەبێت لەناودەچێت، (( **هەموو شتەکانی ئەم وڵاتە سەرابە، مێژووەکەی جگە لە غوبارێکی دوور هیچی تر نییە، خێڵەکانی جگە لە سەراب هیچی تر نین، سنوورەکانی لەبەر خورافەتەکانی خۆی و خورافەتی دوژمنەکانی دیار نین، شۆڕشەکانی دەبن بە تۆز، ڕاپەڕینەکانی دەبن بە دووکـەڵ**))(ل:142) .

**5.4 چەمکی ئازادی لە ئێوارەی پەروانەدا**

ئازادی چەمکێکی فراوان و فرە ڕەهەندە، بە درێژایی مێژوو جێی مشتومڕی فەیلەسوف و نووسەران و ئەدیبان بووە . مرۆڤ بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی دەدات، چونکە ئازادی پێویستییەکی گرنگی هەمیشەیی ژیان و بوونی مرۆڤە، لە مومارەسەی ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستییەتی . ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ژیان و ئەزموونەکانی مرۆڤە، لەنێو ئەو ئەزموونانەشدا ئازادی وەك چەمکێکی کاریگەر ڕەنگدانەوەی هەبووە. پتر لە هەر ژانرێکی تر ڕۆمان مەودایەکی فراوان بووە بۆ چوونە نێو قوڵایی چەمکی ئازادی، لە ڕێی دایەلۆگی کارەکتەرەکانیەوە، باسی چەمکە فراوانەکەی ئازادی بکات . بەختیار عەلییش لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا جیهانبینی خۆی دەربارەی ئەم چەمکە خستۆتەڕوو، کە نایەوێت مرۆڤ کۆیلە بێت، دەیەوێت دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان مافی ئازادی ژیان و پراکتیزەکردنی مافە ئاساییەکانی خۆیان هەبێت . هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا دابونەریت وکلتووری کۆمەڵگا کە بەشێکی لە کلتووری ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە بۆتە بەربەست و زەوت کردنی مافی ئازادی لە تاکەکان . هەروەکو لە زاری پەروانەوە دەڵێت (( **دەمووویست سنوورەکان هەموو ببڕم، سنوورەکانی کۆمەڵ و دیانەت و سیاسەت، سنووری شارستانیەتەکان**))( ل: 173). یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت : (( **دەڕۆم بۆ جێگایەك نیشانەیەك و هێمایەکی ئەم دونیایەی تیا نەبێت ... بۆ شارێکی بچوك لە ژێر هەتاوێکی ئەبەدیدا ، هەتاوێك کە ئادەمیزادەکان دەتوانن بە ئازادی لە کێڵگەکانیاندا بژین** ))(ل:19) .

هەموو کارەکتەرەکانی ئێوارەی پەروانە بەدوای ئازادیدا وێڵن، گلەی و گازاندە دەکەن لەو شارەی کە ناتوانن بە ئازادی تیا بژین و مومارەسەی مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن . گلەی و ناڕەوایی دەردەبڕێت لە شارەکە کە تیایدا ژیان بێمانایە، بێ چێژو خۆشییە، تەنها شوێنی قەڵا و پەروەردەی ئایینییە، هەروەکو لەسەر زاری گۆڤەندی ئەویندارى دلارامەوە دەڵێت : ((**مرۆڤ بۆ ئەوە نەکراوە گیرۆدەی شارێکی لەمجۆرە بێت، کە تێکەڵەیەکی بێمانایە لە قەڵا و حوجرە** ))(ل:64). ڕۆمانووس ڕەخنە لەو شارە دەگرێت کە شوێنی ئەویندارانی تێدا نەبێتەوە، بە ئارامی و ئازادی تیا نەژین و بە ئاشکرا لە شوێنە گشتییەکاندا ژوانی خۆیان نەکەن، (( **ئەمە چ شارێکە، جێگایەك نەبێت بڕۆیت لەگەڵ کچێکدا چایەکی تیابخۆیتەوە، ئەمە چ ژیانێکە بستێك زەوی نەبێت بە دڵنیایی هەناسەیەکی تیا هەڵبکێشی**))(ل:64). لەسەر زاری کارەکتەرە عاشقەکانیەوە نارەزاییەکی زۆر لە جیهانە واقیعییەکەی شار دەردەبڕێت، کە نەبوونی ئازادی بۆتە شکستی ئەویندارن، ئەمە جیهانبینی خۆیەتی بەرامبەر بەو واقیعە تاڵەی کۆمەڵگای ئەو شارە، هەروەکو لەسەر زاری خەندانەوە دەڵێت : (( **شار پڕبوو لە عەشقی ناموراد، شار بە عەشقی ناکام قاندرابوو، لە ناو ئەو شارە چکۆلانە و تاریکەدا نەسرەدینی بۆنخۆش بە کۆڵانەکاندا دەڕۆشت و دەیگوت ئۆ خوایە، ئەم هەموو عەشقە ناکامە چییە؟ ئەم هەموو عەشقە بێئامانجە چییە ؟**))(ل:61). (( **هەموو ئەو عاشقانەی کە جێگایەکیان نییە، کە زوڵمی خێزان و قەبیلەو شەیتان لە یەکدی جیایکردونەتەوە، دەبێت باغچەیەکی ئازادیان هەبێت... عەشق دەبێت زەویەکی خۆی هەبێت**))(ل:86). ڕۆمانووس دەست لەسەر بەربەستەکانی ئازادی دادەنێت، کە ئەوانیش سیاسەت و ئایینە، ئەمانە وادەکەن مەترسیی و پاڵەپەستۆی

گەورە لەسەر دانیشتوانی شارەکە دادەنێن و دەبنە هۆی هەڵاتنی مرۆڤانی ئازادیخواز، هەروەکو یەکێك لە ئەوینداران دەڵێت : (( **هەستمکرد ئەو مەترسییەی گەورانەی دەرەوە ...ئەو جیهانە ترسناکەی شار و دێکان، جیهانی سیاسەت و ئایین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ عاشقان زیاتر بەرەو ئەم جەنگەڵە ڕاپێچدەکەن...**))(ل:108-109). ڕۆماننووس خوازیاری دروستبوونی جیهانێکە کە مرۆڤەکان بە ئازادی تیا بژین . هەروەکو لەسەر زاری هەمان کارەکتەرەوە دەربارەی جیهانە نوێیەکەیان دەڵێت : (( **دەکرێت ئێرە شارێکی سەربەخۆ و جیاوازی لێدروستبکرێت، جوانتر و بەرینتر ئازادتر لەو جیهانەی کە لێوەی هاتووین... دەکرێت هەموو قەومێ، هەموو خێڵێ بە شێوەی خۆی، شەریعەتی خۆی دامەزرێنێت ...**))(ل:109).

دەشێت ئەزموونێکی خودی ڕۆمانووس ببێتە سەرچاوەی بیرکردنەوەی فەلسەفەی، ئەزموونەکانی ڕۆژانەی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی تێکەڵ بە بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی ببێت، لە نێو ڕۆمانەکەیدا بخرێتەڕوو، (( **... ببم بەچی لەم شارە بۆگەنەدا ؟ ببم بە بولبولی زیو، یان چۆلەکەی یاقووت ... چیت دەوێت ؟ ترێی مرواریت بۆ بگرم، یان خەیاری ئاڵتون ، لەم شارە پۆخڵەدا، لەم شاری زێراب و لیتاو و ڕەشەبا و درۆیەدا، هەر شەرابخۆرێکی پۆخڵم لێدەردەچێت** ))( ل:77) . بەپێی جیهانبینی ڕۆمانووس شکستی تاکەکان، لە نەبوونی ئازادی دانانی لەمپەر لەبەردەمیان سەرچاوە دەگرێتەوە .

لەسەر زاری خەنداندیشەوە کە دەربارەی بێزاری پەروانە لە ژیانی ئەوشارە و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگاکەی کە بوونە هۆکاری جێهێشتنی شارەکە، دەڵێت : (( **پەروانە ... دەیویست ئابلۆقەی ئایینی ئەو شارە بشکێنێت کە ناوی دەنا شاری (( خوێن و ئایین و تەپوتۆز** ))(ل:28) . بەڕای ڕۆمانووس یەکێك لەبەربەستەکان ئایینە، کە توندڕەوە ئایینییەکان بوونەتە بەربەست لەبەردەم ماف و ئازادی خەڵکیدا . بەو ئەندازەیەی خەڵکانێك تووشی هەرەس و بێزاری و شکست هاتوون، یان بەرەو هەڵەو هەڵدێر چوون . هەروەکو خەندان دەربارەی ڕای پەروانە دەڵێت : ((**بە شاری ئەو هەموو شکستە یەك لەدوای یەکەی ئەڤینی دەزانی کە ژیانی تووشی گێژاوێکی بێسەرووبنی کردبوو** ))(ل:90) . لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئەم جیهانبینییەی ڕۆمانووس دەربارەی واقیعی ژیان لە نێو کۆمەڵگای ئەم شارە دەبینین، هەروەکو لەسەر زاری حیکایەتخوانەوە دەڵێت : ((**ئەم شارە چی تیدایە لە دیوار و زێراب زیاتر**))(ل:90) ، یان ئەو شارەی لە زاری پەروانەوە بە شاری (( **خوێن و ئایین و تەپوتۆز** ))(ل:28) وەسف دەکرێت . واتا جیهانبینی بەختیار عەلی سەبارەت بە ئازادی لە ئێوارەی پەروانەدا ئەوەیە کە ئایین و سیاسەت دەبنە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا و بەها جوانەکان دەمرێنن .

**6.4 تێڕوانین بۆ خودا لە ئێوارەی پەروانەدا**

یەکێك لەو باسانەی بە درێژایی مێژوو مرۆڤی سەرقاڵکردووە، باسی خودا و بیرکردنەوە لە خالق بووە . هەریەکێکیش بە پێی پێشینەی خۆی چۆتە نێو ئەو باسەوە . باوەڕی مرۆڤەکانیش بە خودا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، هەربۆیە وێناکردنیشی دەگۆڕێت . لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا دووجۆر تێڕوانین بۆ خودا دەبینرێت، یەکێکیان تێروانینی توندڕەوە ئیسلامییەکانی ڕۆمانەکەیە، ئەوی تریان تێڕوانینی بەختیار عەلییە کەلەسەر زاری حیکایەتخوانەوە خستوویەتیەڕوو . ڕۆمانووس وای بۆ دەچێت کە توندڕەوە ئاینییەکان وێنەیەکی ترسناك و تۆقێنەری خودایان لە مێشکی خەڵکیدا چەسپاندووە، هەروەکو لەسەر زاری خەندانەوە دەربارەی ئەو توندڕەوانە دەڵێت : (( **خودا بەجۆرێك تەفسیردەکەن تا بیکەنە دوژمنی مرۆڤ...** ))(ل:288). یان لە وەسفی خوشکە تۆبەکارەکاندا دەڵێت : (( **... لە باسی ئاگر و گۆڕەوشارو قیامەت زیاتر هیچی دیکەیان نەدەزانی**))(ل:222) . لە شوێنێکی تریشدا ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستایانی قوتابخانەی تۆبەکاران خودایان وەك هێزێکی داپڵۆسێنەر بە کچەکان ناساندبوو کە هەمیشە لە بۆسەدایە بۆیان وچاوەڕێی هەڵەیان دەکات تا سزایان بدات، دوور لە ناسینی خودا لە ڕێی سۆز و خۆشەویستییەوە، (( **... مەعسومەش هێندە بیری لە سزا و دۆزەخ دەکردەوە، ترسەکانی دەیان جار گەورە تر دەبوون، بەجۆرێ بە هیچ شێوەیەك توانای نەبوو خودا، وەکو مەحەبەت و عەشق ببینێت ... هەمیشە ترسێکی گەورەی بەرامبەر بە یەزدان هەبوو، یەزدانی وەکو چاوێکی بەدنیاز سەیردەکرد کە بەردەوام لە پشتەوە لەبۆسەدایە، خودای وەکو پیاوێك دەبینی کە قامچی کووتیدەکات، وەکو پاسەوانی بەر بەردێك کە مرۆڤەکان لەسەر سەنگە سپییەکەی سزادەدرێن** ))(ل:288). ڕۆمانووس ڕاستەخۆ پێمان دەڵێت کە ئەوانە خودایان کردۆتە دوژمنی مرۆڤ، بۆ ئازاردانی خەڵکی، (( ...خودا بۆ سوکایەتیکردن و زەلیلکردنی کەسانی دیکە بەکاربهێنن... ))(ل:288). ڕۆمانووس ڕەخنە لەو گروپانە دەگرێت و بە بێبڕوا ناویان دەبات، کە بەناوی خوداوە خۆیان بەپاك دەزانن و خەڵکییش بە پیس لەقەڵەم دەدەن، (( **تەنها بێبڕوا ئەوانەن کە پاکێتییەکی درۆ بە خۆیان دەبەخشن و پیسێتییەك دەبەخشنە ئەوانی دیکە، ئەوان کە ناتوانن خودا لەودیو ئەو پاکی و پیسییە وەهمییەوە ببینن کە هەر خۆیان دایانتاشیوە** ))(ل:288). لە دیدی ڕۆمانووسەوە ئەم جۆرە توندڕەوانە پێویستیان بە تۆبەکردنە کە خودا بەو شێوەیە

وێنا دەکەن و فتوای کافری دەنەن بەسەر خەڵکیدا، هەروەکو خەندان بە زەینەبی کوێستانی دەڵێت : (( **مامۆستام، تەنها کەسانێك کە دەبێت تۆبە بکەن، ئەوانەن کە خودا بۆ ئەزیەتکردن و بەنەفرەت لێکردنی مرۆڤەکانی دی بەکار دەهێنن، بەبێ جیهانێك ناژین مرۆڤەکانی دیکەیان تیادا نەکردبێتە کافر...** )) (ل:288). بەختیار عەلی لەسەر زاری حیکایەتخوانەوە جیهانبینی خۆیمان دەربارەی بینینی خۆی بۆ خودا خستۆتەڕوو، هەروەکو دەڵێت : (( **... من وەك تۆبەکارەکانی دیکە تەنها لە عیبادەت و نوێژو خوێندنەوەو لەبەرکردنی ئایەتەکاندا بۆ خودا نەدەگەڕام، من دەمویست لە جێگایەکی تردا خوا بدۆزمەوە، خواستمبوو ڕێگایەکی قوڵتر بگرمەبەر بەرەو ئەو، دەمویست بە جۆرێکی دیکە بیبینم،هەرگیز لەو نوسراوو تێکستانەدا خودام بۆ نەدۆزرایەوە، بەڵکو پێموابوو خوا لە مانای کۆی گەردونداو لە جەوهەری هەمەڕەنگی دونیادا خۆی بەرجەستەدەکات** )) (ل:284) . ڕۆماننووس بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە ناکرێت خودا لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبەوە بناسرێت، کە ئەمە بە بچووکردنەوەی خودای دەبینێت، ئەو پێیوایە دەبێت لەنێو خوڵقێنراوە سەرسوڕمێنەرەکانی سەرجەم گەردووندا بۆیبگەڕێین و بگەینە جەوهەری، (( **... بۆ ئەوەی مەزنی خودا ببینن بەسنییە تەنها بە چەند دێڕێکی ناو کتێبەکانییەوە بگیرسێینەوە، من تەنها یەك کوفر دەبینم، ئەو کوفرەش بچوککردنەوەی یەزدانە بۆ یەك واتا و یەك وتە و یەك مانا، خوداپەرستی گەورەش ئەو کەسە نییە کە بەسەر کتێبەکاندا دەکەوێت، بەڵکو ئەو گیانەیە کە خودا لە گەورەی و لایەنە گەردونی و موعجیزە گشتییەکاندا دەبینێت، گیانێکە کە تەنها لە نێوان دێڕەکاندا بۆ خودا ناگەڕێت، بەڵکو لە هەموو جێگایەکدا بۆ مانا و جەوهەری ئەو دەگەڕێت**)) (ل:287) . ڕۆمانووس بڕوای تەواوی بەوەیە کە دەبێت خودا بەو شێوەیە ببینرێت کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا بگونجێ ، کە خۆی خوڵقێنەری مرۆڤە، بە جوانترین شێوە خەڵقی کردووە ، هۆش وحەز و ئارەزووی داوەتێ، ئەم گەردوون و سروشتە جوانەی لە پێناوی مرۆڤدا و بۆ مرۆڤی خەڵق کردووە، (( **... بینینی یەزدان بەو جۆرەی کە لەگەڵ ڕاستی مرۆڤ و سروشتدا بگونجێت** ))(ل:284) . هەروەها ڕۆمانووس پێیوایە کە خودا خۆی وەك یاسا ئەو غەریزە و حەز و ئارەزوەی داوەتە مرۆڤ تا ژیانی خۆشبووێت و بەخۆشی بژی و چێژ لە ژیان وەربگرێت، هەروەکو خەندان بە زەینەبی کوێستانی مامۆستاکەی دەڵێت : (( **مامۆستا شەریعەتی خودا پێچەوانە و دوژمنی ئەو جەوهەرە نییە کە خودا وەکو یاسا لەناو گیان و ئارەزو و بیرکردنەوە و غەریزەکانماندا جێیدەهێڵێت ... جەوهەری خودا لەناو ئەو یاسا ژێرەوانکێ و نادیار و بەهێزانەدایە کە وادەکات مەخلوقاتەکان ژیانیان خۆشبوێت، هەر شتێك بمانباتەوە سەر خۆشەویستی ژیان خودایيە** ))(ل:284) . بەختیار عەلی پێی وایە ئەو توندڕەوانە هەرگیز لە جەوهەری خودا تێنەگەیشتوون، (( **هەزاران هەزار کەس، هەزاران ئیماندار، نەیانتوانیوە بە وردی لە جەوهەری خودا تێبگەن...**))(ل:285). ڕۆمانووس پێیوایە کە ئەو گروپانە زۆر لەوە بچووکترن لە جەوهەری خودا تێبگەن، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەوانە مرۆڤی بیرتەسك و نەفامن، (( **بێگومان... بێگومان، بینینی جەوهەری خودا و مانا گەورەکانی، لە توانای مرۆڤە بچوکەکاندا نییە ...**))(ل:285) . ئەو بە ئاشکرا پێمان دەڵێت کە ترس و سامی خەڵکی لە خودا دوورە لە جەوهەری خودا، کە بەسۆزیی و میهرەبانی و بەخشندەییی و بەزەییە، (( **... ئەو سامە لە خودا مرۆڤەکان چاندوویانە و پەیوەندی بە جەوهەری خوداوە نییە**))(ل:288). لە لایەکی یترەوە ڕۆمانووس لەو باوەڕەدایە کە خودا پێوانە و کێشانەی خۆی هەیە، جیاواز لەو پێوەرانەی کە ئەو گروپانە بەخەڵکیان ناساندووە، (( **خودا پێوانەی خۆی هەیە، بۆ هەر شتێکیش کێشانەیەکی هەیە وەکو کێشانەکانی تر نییە...**)) (ل:288) . بەختیار عەلی خودا وەك حاکمێکی زۆر دادپەروەرو بەویژدان دەبینێ، کە متمانە ناکاتە سەر تەنیا یاسا بێ گیانەکان، (( **چۆن دەمانبورێت گەر ئێمە، ئەو وەکو حاکمێکی بیرتەسك تەماشابکەین، کە کتێبێکی لەبەردەستدایە و پەڕەکانی هەڵدەداتەوەو بەپێی ئەو کتێبە حوکمدەدات ... ئەوە سوکایەتییەکی گەورەیە، دابەزاندن و کەمکردنەوەیە لە هێزە بەرین و داهێنەرەکانی خودا**)) (ل:287).

لە لایەکی ترەوە بەختیار عەلی تێروانینی خۆی دەربارەی خودا و پێکەوەژیان و یەکتری قبوڵکردنمان( دایڤیرستی) بۆ دەردەخات . ئەو پێیوایە خودا خۆی خوڵقێنەری هەموو بوونەرە هەمەڕەنگەکانە و ناکرێت دژی هەمەڕەنگی بێت، **((...، مانای چی خودا کە گەردوونی بەم هەمەڕەنگییە دروستکردووە، هەمەڕەنگی قبوڵنەکات؟ ...، ئەوەی ئەم هەموو شێوە جیاوازەی بوونی خوڵقاندووە، ئەم هەموو مەخلوقاتە دژو جودایەی لەسەر زەوی کۆکردۆتەوە** ))(ل:286) . یان جەخت لەوە دەکاتەوە کە خودا خۆی جیهان و گەردوونی بە هەمەڕەنگی دروستکردووە، جەوهەری گەردوون ئەو فرەییەیە، کۆیلەیەتی پێ قبوڵ نییە، ئەو پێیوایە خودا خۆی ڕێخۆشکەرە بۆ لێکدانەوە جیاوازەکان و مرۆڤەکان ئازان لەجۆری بیرکردنەوەو ڕاڤەکردن، (( **... گەورەترین عاشقی جیاوازی لەم گەردونە گەورەیەدا خودا خۆیەتی...بۆ ئەوەی ئەو جەوهەرە ببینین، دەبێت سەیری هەموو گەردون**

بکەین.. خودا مرۆڤی بە ملیۆنەها شێوە بینیوە ملیۆنەها سیمای داوەتێ ... چۆن دەمانبورێت گەر تەنها بە یەك شێوە ببینین...))(ل:287) . یان دژی ئارەزووی مرۆڤ بێت بۆ دروست کردن و دۆزینەوە، ((... خودا خۆی ئەو ئارەزووە مەزنەی هەبووە بۆ خوڵقاندن، ئارەزوویەك ملیۆنەها ئەستێرەو خۆری لێکەوتۆتەوە، ئارەزوویەك لە حیکمەتی غونچەیەکەوە تا هەموو حیکمەتەکانی دیکەی گەردونی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، ئارەزووی خوڵقاندن و دۆزینەوەی مرۆڤی پێقبوڵ نەکرێت؟ ))(ل:286) . ڕۆماننووس پێیوایە کە خودا دژی پێشکەوتنی مرۆڤ نییە، خۆی هۆش و توانای داوەتە مرۆڤ تا ژیانی بگۆڕێت و پێشکەوێت، (( مانای چی، خودایەك گەردونی لە جوڵەو نوێبوونەوەیەکی بەردەوامدا دروستکردووە، دژی هێزو توانای فڕین و نوێبوونەوە و گۆڕان بێت لە مرۆڤدا ؟...، بۆ دەبێت ماف نەداتە مرۆڤ کە مەزنترین و قەشەنگترین داهێنانی خۆیەتی، یاخود ماف نەبەخشێتە عەقڵ کە سیحراویترین شتی ئەم گەردونەیە، بیربکاتەوە، شتی نوێ ببینێت))(ل:286- 287). لە لایەکی تریشەوە ڕۆمانووس پێیوایە کە خودا مافی داوەتە هەموو بوونەوەران، سەربەستی کردوون و لە گەشە کردن و داهینان و لە دەرخستنی جوانی خۆیان، (( خودا کە مافی بەخشیوەتە هەموو شتەکان بژین و شوێنیان هەبێت و گەشە بکەن، مافی بەخشیوەتە درەختەکان جوانی خۆیان، گەشانەوەی خۆیان، ڕەونەقی زیندووی خۆیان ئاشکرابکەن، مافی بەخشیوەتە گیانداران، لە سنووری بوونی خۆیاندا ئازادبن ))(ل:287).

بەختیار عەلی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەگرێت کە دادپەروەر نین و بەرپەچی بیری یەکترقبوڵکردن دەکەن، کە ئەمەش دوورە لە ویستی خوداوە، ئەو پێیوایە خودا دادپەروەرەو هەرگیز بوونەوەرێکی لە بوونەوەرێکی تر پێ باشتر و بەرزتر نەبووە، (( ... هەرگیز نەیگووتووە شێرێك لە کەنارییەك پیرۆزترە، کەنارییەك لە مێشهەنگێك مەزنترە ))(ل:287). لە لایەکی ترەوە ڕەخنەیان لێدەگرێت کە دیانەتەکانی تریان لا قبوڵ نییەو کە ئەمەشت دژی ویستی خودایە، خودا ئەو مافەی داوە بە دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان (( ... بوار نەدات دیانەتەکان پێکەوە بژین، عەبدایەتی قبوڵبکات، لەسایەیدا تەفسیرە جیاوازەکانی دونیا وەکو یەك مافی خۆیان وەرگرن))(ل:287) .

**ئەنجامەکان**

1. جیهانبینی بەختیار عەلی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا - بەپێی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتووی - لە بابەتی ( چەمکی ئەوین و ئاین و ئافرەت و تێڕوانین بۆ خودا و سیاسەت ) دەبینرێت . بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە ململانێی نێوان ئیسلامییە توندڕەوەکان و خواست و خەونی ڕۆشنبیرانی سەردەمە . لە ڕۆانگەی ڕۆمانووسەوە ئەو ئیسلامیيانە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، باڵادەستی دۆگـمایی ئاینی لە کۆمـەڵگای کوردیدا بۆتە قەیران و دواکەوتوویی و کۆسپ لەبەردەم تاکی کوردیدا . ململانێی ئەم دوو گروپە و لێکەوتەکانی بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەن. بیرو پەیام و جیهانبینی ڕۆمانووسیش لەنێو ئەو ململانێیەدا چ ڕاستەوخۆ، چ ناڕاستەخۆ دەبینرێت، کە زیاتر لەڕێی حیکایەتخوان و دایەلۆگی کارەکتەرەکانەوە بە شێوەیەکی هونەری خراونەتە ڕوو .
2. ئێوارەی پەروانە پێکهاتەیەکە لە ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحیەتێکی ئەفسانەیشی هەیە ململانێی دوو جیهان و دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ ژیان دامەزراوە، جیهانێك سەرچاوەی باڵادەستی هزرە کۆمەڵایەتییەکان، تێکەڵ بەو ئەقڵ و هزرانەی کە لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە. جیهانەکەی تر نەوەی نوێیە، ململانێی نەوەی نوێ لەگەڵ ئەم هزرە کۆمەڵایەتی و ئاینییانە. جیهانبینی ڕۆمانووسە لەمەڕ مەترسییەکانی کەلتوورو ڕێبازی ئاینی و شەڕی سیاسییە لەسەر کۆمەڵگا . ململانێی مرۆڤەکانە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بەربەستەکانی کلتوور و فەرهەنگی توندرەوە ئیسلامییەکان. ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆنەپەرستی و هەوڵی گەڕانەوەی مافی ئازادی تاکەکانە، شۆڕشێکە دژی ئەو کۆت و بەند و بەربەستانە .
3. بەختیار عەلی لە ئێوارەی پەروانەدا لەنێو حیکایەتی زوڵم و ستەمی کۆمەڵگاو باڵادەستانی ئاینی لە ئەویندارا‌ن و چاندنی تۆوی کۆنەپەرستی و بەربەست دروستکردن لەبەردەم پێشکەوتن و دژایەتی کردنی بەهاجوانەکان ، جۆرێك لە **ڕقوکینە و ناڕادەیەکیش نائومێدی و پوچگەرایی** لا دروستکردووە، هاوکات پێشبینی دەکات کە ڕەنگە لە سەردەم و ڕۆژگارێکی تردا، باڵادەستی توندڕەوەکان و کلتوورو فەرهەنگ و کاریگەریيان نەمێنێ و تێڕوانینی خەڵك بگۆڕێت، بەربەست و لەمپەرەکانی بەردەم بەهاجوانەکان بشکێنرێت، خوازیارە ڕۆژێك دابێت ئەوین ببێتە هێزێکی یەزدانی و بزێنەری جیهان، کۆنترۆڵی گشت جومگە سەرەکییەکانی بوون و ژیان بکات .خەون بە کۆمەڵگایەکی نموونەییەوە دەبینن . جیهانێکی پڕ لە بەها جوانەکان .بەلای ئەوەوە ئەوین وزە دەداتە مرۆڤ و بەرەو ئاکارو ڕەوشتی نموونەیی دەبات. مرۆڤی بەهرەمەندو بە توانا دروست دەکات .

ئەوین بە داینەمۆی ژیان لە قەڵەم دەدات و پێیوایە هێزێکی ئەفسوون ئاسایی هەیە. ئەوین دڵ و دەروونی مرۆڤەکان لە ڕق و کینە دەشواتەوە، هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لەسەر خوانی ئەو کۆدەبنەوە .

4. بەختیار عەلی دژی تێڕوانینی توندڕەوە ئیسلامییەکانە دەربارەی خودا و پێی وایە ئەوان لە جەوهەری خودا تێنەگەشتوون و خودایان وەك حاکمێکی داپڵۆسێنەری توندوتیژی بێبەزەیی و دڵڕەق، جیهانبینی ئەو بۆ خودا جیاوازە ، ئەو خودا وادەبینێ کە مرۆڤی بە جوانی خەڵقکردووە و هەموو شتە جوانەکانی بوونی لە پێناو ئەودا خەڵقکردووە تا تاموچێژی ژیان بکات و بە خۆشی بژی . مافی داوەتە مرۆڤ بە ئازادی بژی ، بیربکاتەوە، دەربېرێت، داهێنان بکات . مافی داوەتە مرۆڤەکان پێکەوە بژین و یەکتری قبوڵبکەن . ئەو بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە ناکرێت خودا لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبەوە بناسرێت، کە ئەمە بە بچووکردنەوەی خودای دەبینێت،ئەو پێیوایە دەبێت لەنێو خوڵقێنراوە سەرسوڕمێنەرەکانی سەرجەم گەردووندا بۆییگەڕیین و بگەینە جەوهەری . تەنها لە نێوان دێڕەکاندا بۆ خودا ناگەڕێت، بەڵکو لە هەموو جێگایەکدا بۆ مانا و جەوهەری ئەو دەگەڕێت .

## لیستی سەرچاوەکان :

### سەرچاوە کوردییەکان :


1. ئازاد حەمە ، لایەنی تێرامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ ، چاپی یەکەم ، سوید ، 1995
2. بەختیار سەجادی و محەمەدی مەحمودی فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ، کوردی – ئینگلیزی و ئینگلیزی – کوردی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2002
3. ڕەسوول حەمەد ڕەسوول، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خوارو،چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣
4. شکری عزیز الماضي ( د.) ، تیۆری ئەدەب ، وەرگێڕانی پ.ی.د. سردار ئەحمەد گەردی ، چاپخانەی ماردین ، هەولێر ، 2012
5. عەلی تاهیر حسەین (د.)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزە کردن ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2008
6. عوسمان یاسین ، بونیادگەری پێکهاتوویی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، 1991
7. کۆمەڵێک نووسەر، ڕۆمان چییە؟ وەرگێڕانی جەواد مستەفا، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریان، چابخانەی خانی، ٢٠٠٨
8. فؤاد ڕەشید (د.)، بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، 2007
9. نجم خالید نجم الدین (د.)، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی ، زانکۆی سەڵاحەددین، ژمارە:٢٤ ، 2005
10. هەژیر عەبدوڵا پوور ، فەرهەنگی هەژیر ، فارسی – کوردی ، دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2008


### سەرچاوە عەرەبییەکان :


11. ابراهيم فتحى، معجم المصطلحات الادبية، مؤسسة العربية للناشرين، تونس، ١٩٨٦
12. أسماء أحمد معيكل ، رؤيا العالم وتصويرها في الرواية، https://www.startimes.com
13. جان ايف تادية ، النقد الادبى فى القرن العشرين، ترجمه قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٣
14. جان ماري اوزباس و اخرون ، البيوية ، ترجمة ميخائيل مخول ، وزارة الثقافة والارشاد القومي ، دمشق ، 1972
15. جورج لوكاش،معنى الواقيعية المعاصرة، ترجمة امين العيوطى، دار المعارف، مصر، ١٩٧١
16. حميد الحميدانى(د.) ، النقد الروائى و الايديولوجيا من سوسيولوجيا الرواية اله سوسيولوجيا النص الروائى ، المركز الثقافى العربى، بيروت، 1990
17. سعيد علوش(د.)، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة ، بيروت ، لبنان ، سوشپيرس ، الدارالبيضاء – المغرب ، الطبعة الاولى ، 1985)
18. سمر روحى الفيصل (د.) ، الرواية العربية البناء و الرؤيا، مقاربات نقدية ، اتحاد تاكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣
19. السيد يسين، التحليل الاجتماعى للادب، مركز الدراسات السياسية و الاستراتيجية، قاهرة ،گ:٣، ١٩٩١
20. شكري عزيز الماضي (د.)، في نظرية الادب، دار الحداثة، بيروت، 1985
21. صلاح فضل(د.)، نظرية البنائية في النقد الادبي ، الطبعة الثالثة ، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد ، 1987
22. صلاح فضل(د.)،منهج الواقعية في الابداع الادبي،الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1978
23. عبد الرحمن بوعلي (د.) : في نقد المناهج المعاصرة: البنيوية التكوينية، مطبعة المعارف الجديدة، الرباط، الطبعة الأولى سنة 1994
24. عبدالرحمن منيف، الكاتب و المنفى ، هموم و افاق العربية، دار الفكر، بيروت،١٩٩١
25. عبد السلام المسدى (د.)، قضيه النيوية ، دراسة و النماذج ، دار امية ، تونس ، 1991
26. غالي شكرى، مقابلة مع نجيب محفوظ، مجلة مجلة حوار، العدد 3: 1978
27. لوسيان غولدمان ، الماديه الجدلية و تأريخ الادب ، ترجمة : محمد برادة ، مؤسسة الابحاث العربية ، بيروت الطبعة: الاولى ، 1984

28. لوسيان غولدمان، المنهجية في علم الاجتماع الادبي، ترجمة مصطفى المسناوي، دار الحداثة، بيروت، 1981

29. محمد كامل خطيب، تكوين الرواية العربية، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٠

**سەرچاوەی فارسی :**

30. ايرنا ريما مكاريك ، دانش نامەی نظرية های ادبي معاصر ، ترجمة مهران مهاجر ، محمد نبوي ، چاپ يكم ، مؤسسەی انتشارات اگاه ، تهران ، 1384

**رؤية العالم فى رواية ( ئێوارەی پەروانە ) لبختيار علي من منظور لوسيان جولدمان**

**تانيا اسعد محمدصالح**

**جامعة صلاح الدين، كلية التربية الاساس، قسم اللغة الكردية**

ملخص

هذا البحث بعنوان ( رؤية العالم فى رواية ( ئێوارەی پەروانە ) لبختيار علي من منظور لوسيان جولدمان ) . والبحث محاولة لتسليط الضوء على موضوع هام و الى حد ما جديد فى عالم النقد الادبي الكوردى، اذ انه لم ينل من الاهتمام الخاص به فى النقد الادبي الكردي . ان الاعمال الادبية في الاصل تعبير عن رؤية الاديب العالم . يشمل البحث أربعة محاور ، تحدثنا في المحور الأول عن مفهوم رؤية العالم، وفي المحور الثاني شرحنا مفهوم البنيوية باعتبار ان البنيوية التكوينية نوع من الانواع البنيوية، اما فى المحور الثالث فقد تحدثنا عن نظرية البنيوية التكوينية . وقد تطرقنا فى المحور الاخير الى رؤية العالم في رواية ( ئێوارەی پەروانە ) من منظور لوسيان جولدمان .

**كلمات الدالة :** ( رؤية العالم، البنيوية، البنيوية التكوينية، العشق، الديانة ، متطرفين الاسلام )

**World view in the novel (Ewarai Prwana) by Bakhtiyar Ali from Lucian Goldman's perspective**

**Tanya Asad Mohammad Salih**

College of Basic Education, Kurdish Department / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

This research is titled (World view in the novel (Ewarai Prwana) by Bakhtiyar Ali from Lucian Goldman's perspective). The research is an attempt to shed light on an important and somewhat new topic in the world of Kurdish literary criticism, as it did not gain its special attention in Kurdish literary criticism. Originally literary works are an expression of the literary worldview.

The research includes four axes, in the first axis we talked about the concept of the worldview, and in the second axis we explained the concept of structuralism as a type of structuralism, while in the third axis we talked about the structuralist theory. In the last axis, we dealt with the vision of the world in the novel (Ewarai Prwana) from Lucian Goldman's perspective.

**Keewords:** World view, Structuralism , Constitutional Structural , LOVE , Religion , Radical Islamlamics.